# هونەرو جوانی

ئاڵا کەمال سەعدی

هەرێمی کوردستان/ هەولێر
ساڵی ٢٠٢٣

- هونەرو جوانی
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- نرخ: ٣٠٠٠ دینار
- چاپخانە: تاران
- ژمارەی سپاردن () ساڵی ٢٠٢٣

## وتەیەکی پێویست:

ئەم بابەتانەی لە دووتۆی ئەم کتێبەدا بڵاوم کردوونەتەوە، زۆربەیان ئەو توێژینەوە و ڕاپۆرتە هونەریانەن کە لە قۆناغەکانی خوێندنم لە کۆلێژی هونەرە جوانەکان بەشی شێوەکاری بە سەرپەرشتی سەرۆکی بەشی شێوەکاری و مامۆستا بەڕێزەکان وەک پێداویستییێکی زانستیی ئەو دەرسە هونەرییانەی کە خوێندوومە ئامادەم کردووە. لێرەدا بە پێویستی دەزانم سوپاسی بێ پایانی یەکە یەکەیان بکەم بە ڕاگری کۆلێژیشەوە. ئەمەو دەبێ ئەوەش بڵێم ئەگەر هاندان و هاوکاری باوکیشم نەبایە نەم دەتوانی ئەم بەرهەمە هونەرییەم ڕووناکی ببینێت و کەلێنێکی بچووک لە کتێبخانەی هونەری کوردی پڕ بکاتەوە، هیوادارم بەم کارەم ئەگەر کەمیش بێت، بەشێکم لەو قەرزە دابێتەوە کە بەرامبەر کۆلێژەکەم (کۆلێژی هونەرەجوانەکان لە زانکۆی سەلاحەددین_هەولێر) لە سەر شانمە، و هیواداریشم هونەرمەندان و هونەردۆستان و قوتابیانی بەشی شێوەکار سوودی لێ وەربگرن.

ئالا کەمال سەعدی

# فەلسەفەی جوانی و هونەر لای ئەفلاتون

پێش ئەوەی بچینە ناو بابەتەکەمان کە (فەلسەفەی جوانی و هونەرە لای ئەفلاتون) بە پێویستی دەزانم بە کورتی باسە فەلسەفەی جوانی بکەم.
جوانی لقێکە لە فەلسەفە، گرنگی دەدات بە لێکۆڵینەوە و ڕوونکردنەوەی چەمکی (جوانی) وەکو ڕوخسارێکی جیاکەرەوەی کارە هونەرییەکان و ئەو سەرەتا دروست و ساغانە پێشنیاز دەکات کە حوکم دانە جوانییەکان (Aesthetics) پشتیان پێ دەبەستێت. ئەم لقەی فەلسەفە خەریکی شیکردنەوەی ئەو چەمک و چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتانەیە کە لەکاتی وردبوونەوە لە بابەتە ئیستاتیکییەکاندا پەیدا دەبن. وە بابەتە ستاتیکییەکانیش لەلایەن خۆیانەوە ئەو بابەتانە دەگرنە خۆیان کە تاقیکردنەوەیەکی ئیستاتیکی دەدەن بە دەستەوە. وە مادام تاقیکردنەوەی ئیستاتیکی جۆرێکە لە جۆرەکانی باوەشکردنی مرۆڤ بە ژیاندا، ئەوا ئیستاتیک لە پەیوەندی جوانی خوازانەی مرۆڤ بە جیهانەوە و لە جەوهەر و یاساکانی پەرەسەندنی هونەر و دەوری هونەر لە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکاندا، دەکۆڵێتەوە.
مێژووی دەرکەوتنی ئیستاتیکا دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی (٢٥٠٠) ساڵ لەمەو بەر، کاتێ لە کۆمەڵگەی کۆیلایەتیدا لە بابل و میسر و هیند و چیندا بەدەرکەوت، وە تا ڕادەیەکی زۆر لە کۆمەڵگەی یۆنانی (گریکی) کۆندا، لە کارەکانی هیراقلیتس و سوقرات و ئەفلاتوندا پەرەی سەند.

**جوانی:**

چەمکی (جوان یان جوانی) خۆی لە خۆیدا مانایەکی نادیار و بەربڵاویان هەیە، دوو ئایدیای (میتافیزیقی) و (کورتکراوە)ن، لەبەر ئەوە ئیستاتیکا نرخێکی زانستیی نابێت ئەگەر لە تاقیکردنەوەی دیاریکراوەوە ئامادە نەکرێت، چونکە جوانی بە پێی هیچ پێوانە و دەستوورێک ناناسرێت، وە هیچ یاساو خاسیەت و ڕێ و ڕەسمێک نین کە کاری هونەری بەگوێرەی ئەوان دابهێنرێت. بەڵکو ئەو دەستوور و یاسایانە خۆیان لە تاقیکردنەوەکە واتە لەو کارە هونەریانەدا کە بەدی هێنراون وەردەگیرێن. جوانی بیرێک نیە کە لە دەرەوەی کارە هونەرییەکاندا بوونی هەبێت، یان ئایدیایەک نیە لە ئاسماندا کە دەبێت شوێن پێی هەڵبگیرێت، بەڵکو لە ناوەوە، بە هۆی کارە هونەریەکەوە، هەیە و دەبێت. وە بە هۆی داهێنانی هونەرمەندەوە ڕوخسارەکانی ئاشکرا دەبن و ڕەنگا و ڕەنگ دەبێت و زیاد دەکات. بۆیە فەلسەفە ناتوانێت وەکو ئایدیایەکی ڕووت، لە جوانی بکۆڵێتەوە یان تووشی هەڵەیەکی گەورە دەبێت گەر ئەم کارە بکات. کەواتە مەودای جوانی، سروشت و هونەرە، دیمەنەکانی سروشت بە گیانلەبەر و شتەکانەوە بوونێکی بابەتیان هەیە، کار دەکەنە سەر ئادەمیزاد، کارێک کە دەشێت بەراورد بکرێت لەگەڵ ئەو کارتێکردنەی مۆسیقە، وێنە یان شیعر هەیەتی، دەشێت پرۆسێسی گەیاندنی شیعری بەهۆی ئەو شتانەشەوە ڕوو بدات. بەڵام ئێمە ناتوانین جوانی سروشتی وەکو چەمکێکی مێژوویی بە دەست بێنین و لێی بکۆڵینەوە لە مەیدانی هونەردا نەبێت. بۆ نموونە شاعیری کلاسیکی مەزنی کورد (نالی) سیفەتی خێلیی چاوی دڵدارەکەی (کە بەلای خەڵکەوە سیفەتێکی ناشیرینە)بەمجۆرە باس دەکات:

پێم دەڵێن مەحبووبە خێل و قیچە مەیلی شەڕ دەکا
خێل و قیچە یان تەرازووی نازی نەختێ سەر دەکا؟
خێل و قیچە، یا بە غەمزە بۆ نیشانەی دڵ بە چاو
مەیلی ڕاست هاوێتنی موژگانی دڵ پەی کەر دەکا
چاوی هەم ڕەنگی گوڵی مەستی شەو و ڕۆژن مادام
یەک لە نەشگوفتەی بە نەفشە، یەک لە نیلۆفەڕ دەکا
عەکسی چاوی تۆیە لە چاویدا بە خواری تێ دەگەی
کە چ نەزەر کەی فەرقی خوار و ژوور و خێر و شەڕ دەکا؟

وا باوە کە مەحبوبەکەی نالی چاوی خێل بووە، ئەوش باوە کە ئەمە لە ڕێژەی جوانی کەم دەکاتەوە، بەڵام لای نالی بە جۆرێکی ترە، نالی لەم شیعرەیدا دەڵێ ئەوە تایبەتمەندی جوانییەکانی مەحبووبەیە، جارێک دەیکاتە سەرخستنی تەرازووی نازی چاوی، کە هەموو کەس ئەمەی پێ ناکرێ، جارێکی تر عەیبەکە دەباتەوە بۆ چاوی خەڵکی و دەڵێ ئێوە کەچ نەزەرن و چاوی مەحبوبەش دەکاتە ئاوێنە و دەڵێ ئێوە چاوتان خوار و ژوورە کە تەماشای ئەو دەکەن.

**هونەر:**

هونەر (Art) وشەیەکە بەکارهێنانی زۆر باوە و لە شوێنی خۆیدا بەکارناهێنرێت، ئەم وشەیە واتای جیاواز دەگەیەنێت و لە کاتی بەکارهێنانیدا دەبێت بڕیار بدەین کام لەم واتایانە بە کەڵکی ئێمە دێت.

وشەی ئارت (Art) لە سەدەی لاتینی ناوەندا هەروەکو لە ئینگلیزی کۆندا کە ئەم وشە و ماناکەی لە لاتینییەوە وەرگرت، مانای فێربوونی

هەر چەشنە زانیارییێکی کتێبی دەگەیاند وەک ڕێزمان، لۆژیک، یان ئەستێرە ناسی. وە لە سەردەمی شکسپیریشدا هەر ئەو مانایەی دەبەخشی تا لە سەدەی ڕینایسنسدا یەکەم جار لە ئیتاڵیادا، ئینجا لە شوێنەکانی دیکەدا مانا هەوەڵیەکەی خۆی (واتە پیشە) بە دەست خستەوە. هونەرمەندەکانی ڕینایسنیش وەکو هونەرمەندانی جیهانی کۆن خۆیان بە پیشەسازان دادەنا.

لە سەدەی حەڤدەدا دەستکرا بە جیاکردنەوەی گیروگرفت و چەمکەکانی ئیستاتیکا لە هی تەکنیک یان فەلسەفەی پیشە. لە سەدەی هەژدەمیشدا ئەم لێکجیاکردنەوەیە گەیشتە ڕادەی خەت کێشان لە نێوانی هونەرە جوانەکان و هونەرە بەکەڵکەکاندا. لە سەدەی نۆزدەهەمدا ئەم گوزارشتەی هونەرەجوانەکان وازی لێ هێنرا و وشە تاکەکەی ئارتس (Arts) واتە ئارت بەکار هێنرا. لێرەوە لەلایەنی تیۆرییەوە جیاکردنەوەی هونەر لە پیشە بە تەواوەتی بە دەست هات.

## جوانی و هونەر لای ئەفلاتون:

لە دایک بووی ئەسینایە لە ساڵی (٤٢٧) پێش زاینی لە خێزانێکی ئەرستقراتیی وجیگایەکی تایبەتیان هەبووە لە ژیانی سیاسیدا، وزۆر ڕۆشنبیر وزانا بووە لەو کاتە، وتوانایەکی زۆری هەبووە لە بیرکاری ومۆسیقی وشیعر، ولە کاتی گەیشتنی بە تەمەنێک چووە ناو ژیانی سیاسییەوە، وهەبوونی لە نێو ئەو خێزانە بووە مایەیی سەرکەوتنی لەم بووارە.

ئیفلاتیون گەنجێکی دەم بە پێکەنین وتوند بوو، وە پێی دەوترا ئیفلاتۆن لە بەر پان وبەرینی ناوشانی، وسەربازێکی ناودیار بوو، بەشداری لە سێ جەنگی وخەڵات کراوە دوو جار.
ئیفلاتۆن کەوتە ژێر کاریگەری مامۆستاکەی (سوقرات)، وتووشی شۆک بوو لە کاتێک بڕیاری لە سێدارەدانی سوقرات دەرچوو لە بەر تومەتی تێکدانی ڕەوشتی گەنجەکان وباوەڕنەبوونی بە خواوەندەکان، وە ئەمە زۆر کاریگەری هەبوو لە سەر ئایندەی ژیانی کە ئەو کات لە تەمەنی بیست وحەفت ساڵ بوو، وئیفلاتۆن هەستا بە وەسف کردنی دادگایی سوقرات بە شێوازێکی تایبەتی خۆی وبەرگری لە خۆی وزیندانییەکەی ولە سێدارەدانی، لە چەند گفتوگۆیەکی لە ژێر ناونیشان (بەرگری) و(ئەقریتۆن) و(فیرۆن).
وە ئیفلاتۆن لە ڕیچکەی مامۆستاکەی خۆی بەردەوام بوو وپابەند بوو بە ڕاوبۆچوونەکانی لە فەلسەفە ولە پێشخستنیشی، وە لە بەر وەزعی سیاسی باو لە ئەسینا، ودژایەتی کردنی یوقرات وهاوەڵەکانی، ئیفلاتۆن کۆچی کرد بۆ ئیتالیا ونزیکەی دوانزە ساڵ لەوی مایەوە.
بەردەوام بوو لە پەیوەندی لەگەڵ فیساغۆرییەکان لە شاری (تارنتوم)، وبووە ڕەفیقی حاکمی شارەکە ودواتر ڕیشت بۆ (سیر قوصە) کە حاکمەکەی (دیسرن) بوو، ودواتر دوورخرایەوە بۆ شارێکی بێگانە ودواتر فرۆشرا لە بازاری کۆیلە فروشەکان وکەسێک کڕییەی کە موعجەبیی بوو ودواتر گەڕایەوە بۆ ئەسینا، لە دوای ئەوەی کە دژایەتی لە دژی سوقرات وهاوەڵەکانی کەم بووەوە، وئیفلاتۆن لەوی جێگیر بوو قوتابخانەیەکی لەوێ دامەزراند بە ناوی (الاکادیمیە) کە لە سەر ناوی پاڵەوان (اکادیمۆس) زۆر لە قوتابییەکان ڕویان کردە ئەو قوتابخانە هەروەها ئەستۆیش، ئیفلاتۆن وانەی زانستی جۆراوجۆری دەگۆتەوە

وەکو بیرکاری ولۆژیک وگەرژوون وئەندازیری. مەبەست لەم ئەکادیمیە ئامادەکردنی سیاسەتمەداری لێهاتوو بۆ ئەنجامدانی بنەماکانی حەق ودادپەروەری ودواتر چاککردنی کۆمەڵگا، وسەرکەوتیش لەو پرۆژەیە هەتاوەکو ڕادەیەک.

زۆر لە قوتابییەکانی بەشداریان کرد لە نوسینەوەی دستوری شارەکانی یۆنان وئەکادیمیەکەیش بەشدار بوو لە پێشکەوتنی زانستەکان لەو کات وساتە. بە تایبەت لە بیرکاری وزانستی گەردوون.

لەو شتە سەیر وسەمەرانە ئیفلاتۆن لە سەر دەرگای ئەکادیمیەکە نوسیبوو (ئەوەی فیری ئەندازیاری نەبێت نەچێتە ژوورەوە) ئیفلاتۆن لەوی وانەی دەگۆتەوە هەتاوەکو کۆچی دوایی کرد.

فەیلەسوفەکان بە بایەخەوە تەماشای ئەفڵاتون دەکەن، بەو پێیەی کە یەکەم فەیلەسوفی یۆنانییە کە بایەخی بە دیاردەی جوانی دابێت، نموونەی بۆ جوانی هێناوەتەوە، کە خۆی لە خۆیدا جوانییە، لە میانی ئەو پیشەوەرەی لەو شتە هەستەوەرانەی کە لە کەون داهەن، دایان دەهێنێت، ئەفڵاتون لە دوو تەوەردا، بە درێژی باسی جوانی کردووە، تەوەری یەکەم (ئەیۆن) ە و تەوەری دووەمیش (هیبیاس الأکبر)ە، ئەمەو لە چەند تەوەرێکی تریشدا باسی لێوە کردووە، لە میانی گفتوگۆی لەگەڵ (المأدبة) لە کاتی قسەکردن لەبارەی خۆشەویستیی خوداوەندی دا ئاماژەی پێ داوە، کە چۆن بابەتی خۆشەویستی خۆی لە خۆیدا جوانییە.

ئەفڵاتون پێی وایە سەرچاوەی هونەر ئیلهامە، یۆنانییەکان پێیان وایە پەیکەری ئەو نۆ ئافرەتەی کە لە چیای ئۆڵمب هەن، خوداوەندی هونەرن، هەریەکێک لەو خوداوەندانە، سەرپەرشتی لە سەر جۆرێک لە جۆرەکانی هونەر دەکات.

ئەفلاتون لە هونەری پەیکەرتاشی و وێنەگرتندا، دژایەتی هەڵخەڵەتاندنی هەستیارەکانی کرد ، داوای هونەرێکی تری کرد، بە مەبەستی ڕێژەی ڕاستەقینە و پێوەری ئەندازیاریی نموونەیی، هەروەها دژایەتی چەواشەکردنی وتار و شیعری کرد بە ناوی گوزارشتکردنی ڕاستەقینە لە هەقیقەت، بۆیە داوای لە هونەرمەند کرد کە دەبێ زانیاری و هوشیاری تەواوی لە هونەرەکەیدا هەبێت و بۆ کاری سوودبەخش ئاراستەی بکات.

دیدگای ئەفلاتون بۆ هونەر زۆر ڕوون و ئاشکرا بوو، ئەو خاوەنی ڕەخنەی هونەری بوو، ڕەخنەی لە هونەری سەردەمی خۆی گرتبوو، خاوەنی بیرو بۆچوونی تایبەتی خۆی بوو، پێی وابوو دەبێ بەرهەمی هونەری مەرجی جوانیی تیا بێت، لەم گۆشە نیگایەوە ڕەخنەی لە گشت کارە هونەرییەکانی سەردەمی خۆی گرتبوو.

ئەمەو وێڕای ئەم ڕەخنە هونەریانە، زۆر بەڵگەی تر هەن، ئەوە دەسەلمێنن کە ئەفلاتون هونەر دۆست بووە، نووسینەکانی پڕن لە هێنانەوەی شیعری یۆنانی بە نموونە، هەروەها زمانی نووسینی لە شێوەی پەخشان بووە کە زۆر لە شیعر جوانترە، تەنانەت لە نووسینی لە کۆمارەکەیدا دەڵێ هەر لە منداڵییەوە سەرقاڵی شیعر بووە و زۆر سەرسام بووە بە سیحری هۆمیرۆس.

**هەندێک نموونە لە پەیکەرەکانی پەیکەرتاشی یۆنانی (فیدیاس) لە ساڵی (٤٨٠-٤٣٠ پێش زایین)**





سەری ئەفرۆدیت دەسکردی فیدیاس - سەری ئەسینا دەسکردی پەیکەرتاش فیدیاس



دەسکردی پەیکەرتاش و ئەندازیاری معماری یۆنانی فدیاس

**سەرچاوەکان:**

١- مامۆستا سیروان زەنگەنە: زانستی جوانناسی، وانەکانی پۆلی یەکەمی کۆلێژی هونەرەجوانەکان/زانکۆی سەلاحەددین، بەشی شێوەکار/ قۆناغی یەکەم، ساڵی خوێندنی ٢٠١٩/٢٠٢٠.

٢- کەمال مەمەند میراودەلی: فەلسەفەی جوانی و هونەر، سلێمانی، ساڵی ١٩٧٩.

٣- د.أميرة حلمي مطر: فلسفة الجمال (اعمالها و مذاهبها)، الناشر دار قباو للطباعة و النشر والتوزيع، القاهرة ١٩٩٨.

٤- جوردون جراهام: Philosophi of the arts فلسفه الفن (مدخل الى علم الجمال) ترجمة محمد يونس، منشورات الهيئة العامة لقصور الثقافه المصرية، القاهرة.

٥- دلال حمزة محمد الطائي: الجمال لدى افلاطون، محاضرة القاه على طلبة كلية الفنون الجميلة/قسم التصاميم، المرحلة الرابعة، متاح على الانترنت فى الموقع:

http://www.uobabylon.edu.iq/uobcoleges/lecture.aspx

# مێژووی هونەر

مێژووی هونەر زۆر کۆنە بەقەدەر کۆنی مرۆڤ لەسەر ڕووی زەوی، مرۆڤی سەرەتایی لە ڕێگای گوزارشتکردن بە شێوازە هونەریەکان، گوزارشتی لە ناخی خۆی کردووە. ئەو هونەرانەی کە بە چاو دوبیندرێن، بە درێژایی مێژوو بە زۆر ناوی جۆراو جۆر ناوزەد کراون. لە چاخەکانی ناوەڕاست بە هونەری پیشەیی یان هونەری میکانیکی ناویان بردووە، لە چاخی نوێش بە هونەرەجوانەکان یان هونەرەکانی تەتبیقی ناویان بردووە.

هەر لە کۆنەوە هونەر جێگەی بایەخی زۆرێک لە فەیلەسوفەکان و توێژەرەکان بووە، لەبارەی تایبەتمەندی و ڕێچکە و قوتابخانەکانی، لێکۆڵینەوەیان کردووە. هەروەها هونەریان بە ئیلهام و بوونی خوداوەند و مێژووی هونەری و سیاسی و ئەدەبی مرۆڤ بەستۆتەوە. بۆ نموونە فەیلەسوفی بەناوبانگی یۆنانی ئەفلاتون پێناسەی هونەری کردووەو دەڵێ (هونەر لاسایی کردنەوەی شتێکە کە لە واقیعدا بوونی هەیە).

بەم شێوەیە پێناسەکردنی هونەر پێشکەوتنی بە خۆیەوە بینی، بەشێوەیەک ئەمڕۆ پێناسە دەکرێ کە بریتییە لە دیاردەی داهێنانی مرۆڤایەتی. هونەرمەندە کۆنەکان بە بەرهەمە هونەریەکانیان گوزارشتیان لە بیرو باوەڕ و جوانییەکانی قۆناغەکانی ژیانی سەردەمی خۆیان کردووە، بۆ ئەم مەبەستە داهێنانیان لە وێنەکێشانی سەر دیوارەکان و کەلوپەلەکانی ناو ماڵەکانیان کردووە، بۆ نموونە وێنەیان لەسەر کەنتۆرو سندووقی کەلوپەلەکانیان کردووە. هەروەها پەیکەر تاشینییان داهێناوەو لەسەر دیواری ئەشکەوتەکان و شاخەکان پەیکەریان تاشیوە.

بڕوانە ئەم وێنەیە کە لەسەر بەردی گەورە هەڵکۆڵدراوە





هەروەها نەخشەسازییان لەسەر زێڕ و زیو و پارەو پول  و ئامبێرەکانی کشتوکاڵی وچەک و تەقەمەنییەکان دروست کردووە، هەندێک لەو کارە هونەریانە تا ئێستا ماونەتەوەو لە مۆزەخانەکان پارێزراون.

## ئەمانە هەندێکن لەم وێنانە








**مەسەلەلەی حامورابی کە لە بەردی گرانێت دروستکراوە لە ساڵی ٢١٠٠ پێش زایین، ئەم مەسەلەلەیە لە مۆزەخانەی لۆڤەر لە پاریس پارێزراوە.**

هەندێک لەو وێنە سادەو ساکارە کۆنانە لە ئەشکەوتی (الکاستیلو) لە ئەسپانیا دۆزراونەتەوەکە مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ چاخی بەردین٣٩٠٠٠ ساڵ پێش زایین، کە گوزارشت لە ئاژەڵ و هەندێک کەلوپەلی ئەو سەردەمە دەکەن.





هەروەها لە ئەشکەوتی (بولومبوس) لە باشوری ئەفریقیا هەندێک پەیکەریان دۆزیەوە کە لەسەر دیواری ئەشکەوتەکە دروست کرابوون، کە مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ (٧٠٠٠٠) ساڵ پێش زایین. بڕوانە ئەم وێنەیەی خوارەوە:



ئەم دۆزینەوانە ئەوە دەردەخەن کە مرۆڤ لەو سەردەمەدا لەسەر گۆی زەوی ژیاوەو توانای داهێنانی هونەری هەبووە.

## شارستانییەتی میزۆپۆتامیا:

شارستانییەتی میزۆپۆتامیا بە یەکەم شارستانیەت دادەندرێت لەسەر گۆی زەوی، کە لە ناوچەی وڵاتی نێوان هەردوو ڕووباری دیجلەو فورات لە کیشوەری ئاسیا دروست بووە و درێژ دەبێتەوە لە شاخەکانی زاگرۆس لە ڕۆژهەڵاتەوە تا دەگاتە نتاوچەی نیمچە دوورگەی عەرەبی لە ڕۆژئاوا.

شارستانیەتی میزۆپۆتامیا لە شارستانیەتەکانی تری جیهان بەوە جیادەکرێتەوە کە لە هەموویان کۆنتر و پێشکەوتوو تر بووە، هەروەها بە بیروڕا ئایینییەکەی و هونەرەکانی شێوەکاری و نواندن جیا دەکرێتەوە.

شایەنی ئاماژەبۆکردنە، هونەری میزۆپۆتامیا لە هونەری ناوچەکانی تر بەوە جیا دەکرێتەوە، کە بابەتەکانی جۆراو جۆرن و ئەو کەرەستانەی کە پێی دروستکراون هەمەڕەنگن و بە زۆر شێوازی جیا دروست کراون، واتە لەسەر بەرد و خشتی قوڕ و پێستە و دار و خشڵی زێڕو زیو دروست کراون.

## هونەر لە وڵاتی میزۆپۆتامیا:

لە وڵاتی میزۆپۆتامیا هونەری پەیکەرتاشی و هونەری دروستکردنی باڵاخانەکان پەیوەندییێکی بەهێزیان بەیەکەوە هەبوو، بۆ نموونە ئەگەر سەیری دیواری ئەو باڵاخانە کۆنانە بکەین، کە وەکو شوێنەواری مێژوویی ماونەتەوە، دەبینیت وەکو ئاوێنەیەک وان، لە میانی ئەو وێنانەی کە لەسەر دیوارەکانی ئەو باڵاخانانەدا دروست کراون، وێنەی بارودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری سەردەمی کۆنمان دێتە بەرچاو، لەمەشدا بۆمان دەردەکەوێت کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی کۆن ، خاوەنی شارستانییەتێکی پێشکەوتوو بووە، بوونی خۆی لە میانی ئەو وێنە و پەیکەرانە لەسەر زەوی سەلماندووە و

شارستانییەتی عێراقی کۆن لەم ڕووەوە خزمەتێکی زۆری مرۆڤایەتی کردووە و بۆتە سەرچاوەی داهێنانی نووسین و هونەر.

**بڕوانە ئەم وێنانەی خوارەوە:**





هونەری وڵاتی میزۆپۆتامیا کێبڕکێ لەگەڵ هونەری میسری کۆن دەکات، وەک گەورەترین شارستانیەتی پێشکەوتوو لە ڕۆژئاوای (ئۆراسیا) لە هەزارەی چوارەمی پێش زایینی تا ئەو کاتەی ئیمپراتۆریەتی ئەخمینی فارسی لە سەدەی شەشەمی پێش زایینی ئەو ناوچەیەی گرتووە. شوێنەوارناسان باسیان لەو وێنانە کردبوو کە لەسەر بەرد و قوڕ هەڵکەندرابوون.
لە دوای ئەو هێرشە دا کۆمەڵێک مۆر و نەخشونیگار و پەیکەری بچکۆلانە ڕزگاریان ببوو، کە بە قەبارەی بچووک و جیا جیا لە قوڕی سورکراوە دروست کرابوون. هەندێک لەو پەیکەرانە ئایینی بوون، هەندێکی تریشیان وێنەی ئاسایی بوون.

**هەندێک لەو وێنە و پەیکەرانە**









ئەگەر  سەرنجی ئەو کارە هونەریانە بدەین کە ەپەیکەرتاشە کۆنەکان لە وڵاتی میزۆپۆتامیا لەسەر بەرد و قوڕی سوورکراوە دروستیان کردووە، بۆمان بەدیار دەکەوێت کە وێڕای ئەوەی بە کەرەستەی سەرەتایی دروستیان کردوون، کەچی ئەو بەردانەی کە بۆ دروستکردنی پەیکەرەکانیان بەکاریان هێناون، زۆر پتەو و ڕەق و خۆڕاگر بوونە، بۆیە دوای هەزاران ساڵ خۆیان ڕاگرتەوەو لەناو نەچوونە، هەروەها جوانی خۆیان لە دەست نەداوە، کە ئەمەش جێگەی سەرسوڕمانی شوێنەوارناسەکان  بووە.

ئەم پەیکەرە لە بەردێکی پتەو دروست کراوەو داهێنی تیا کراوە



هەر پەیکەرێک کە ئاشوریەکان لەو سەردەمە دروستیان کردبێت، داهێنانیان تیا کردووە و ژیانی ئەو سەردەمەیان بە وردی تیا بەرجەستە کردووە، ئەوەی تەماشای بکات، وا هەست دەکات لەو سەردەمەدا دەژیت و ڕووداوەکان وەکو خۆی دەبینێ.
ئەوەی تێبینی دەکەین لە پەیکەرەکانی ئەو سەردەمە، بۆمان بەدیار دەکەوێت کە ئاشوریەکان زیاتر پەیکەریان لە شێوەی دیواربەند دروست کردووە، واتە بازنەیی و موجەسەم نین، بەڵکو پان و تۆزێک ئیبرازن. هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەوان ویستوویانە لە میانی ئەو پەیکەرانەدا ئازایەتی و سەرکەوتنەکانی خۆیان لە جەنگ بەرجەستە بکەن، کە لە میانی پەیکەری خڕو موجەسەم ناتوانن ئەمە بکەن.

**بڕوانە تابلۆی سەرکەوتن دەسکردی نارام سین ساڵی ٢٢٥٤-٢٢١٣ پێش زایین**



ئەو پەیکەرانەی کە لە سەردەمی ئاشور بانی پاڵ پاشا دروست کراون، زۆر دەوڵەمەندن بە گێڕانەوەی چیرۆک و چالاکی دراماتیکی کاریگەر. بۆ نموونە لە یەکێک لەو دیمەنانە دەبینین کە چۆن ئەو تیرەی کە یەکێک لە ڕاوکەرەکان بۆ نێچیرەکەی هاویشتووە، لە پاشۆلی نێچیرەکەی داوەو نێچیرەکەش لە تاو ئێشی پاشۆلی بە شەلە شەل بە برینداری ڕادەکات. هەروەها لە دیمەنێکی تردا دەبینین کە چۆن تیرێک سینگی شێرێکی پێکاوە.

ئاشوریەکان بە دڵڕەقی و توند و تیژی بە ناوبانگن، نەک تەنها لەگەڵ ئاژەڵاندا، بەڵکو لەگەڵ دوژمنەکانیشیان، بۆیە لە میانی ئەو وێنەو پەیکەرانەدا ئاشوریەکان گوزارشتیان لە ڕق و کینەی خۆیان بەرامبەر ئاژەڵ و دوژمنەکانیان کردووە.

**سەرچاوەکان:**


١-میلاد الفن علی ضفاف بلاد ما بین النهرین، هدیر جابر، ٩نوفمبر، ٢٠١٨ ، https://www.egyres.com/

٢-الفن فی حضارة ما بین النهرین، https://abutair.net/

٣-سلسلة الفن القدیم: الجزو الثانی – فن بلاد الرافدین، نشر بواسطه elkhateib Dina | أغسكس ٢٠، ٢٠١٩ ، https://elakademiapost.com/

٤-لمحة في تاريخ الفن القديم، د. شذى فرج عبو النعمان، ٢٠١٨-٠٥-٢٣ ، https://www.alfnonaljamela.com/

٥-بلاد ما بين النهرين: البقعة العتيقة التي بدأ منها التاريخ، ألاستير سووك،ديسمبر ٢٠١٦، https://www.bbc.com/arabic

# هونەر لە چاخی برۆنزیدا

چاخی برۆنزی، چاخی سەرهەڵدانی زانستی تواندنەوە و دروستکردنی قالبی کانزاکانە، ئەم چاخە سەرەتای دیارکەوتنی کانزاکانە، کاتێک مرۆڤ زانی چۆن بڕێکی زۆر خوێی مسەکان لەگەڵ ڕەژووی ڕووەکەکان لە ژێر پلەی گەرمییێکی زۆردا لە ناو فڕنی بتوێنێتەوە و بڕێکی چڕو پوختی لێ دروست بکات. ئەمەو یەکەم هەنگاو بە دەستنیشانکردنی ئەو شوێنە دەستیان پێ دەکرد کە مسی تیا بوو، ئەوەش یان لە نزیک ڕووی زەوی دەبوو یان لە قوڵاییەکەی، لەو حاڵەتەی کە لە ڕووی زەوی نزیک نزیک بوو، بۆیان زۆر ئاسانتر و گونجاوتر بوو بۆ دەرهێنانی بڕێکی زۆری مس. دوای ئەوە هەڵدەستان بە جیاکردنەوەی ماددەکانی تری وەک بەردی جیری و خۆڵ و ئاسن لە مسەکە، بە مەرجێک نە دەبوو ڕێژەی مسەکە لە ناو کەرەستە سەرەکیەکەدا لە ڕێژەی لە سەدا ٢٠-٣٠ کەمتر بێت. بەم شێوەیە مسێکی پاک و بێگەردیان بەرهەم دەهێنا لە هەندێ حاڵەتدا دەگەیشتە ڕێژەی لە سەدا نەوەت و نۆ(https://mawdoo3.com).

دوای ئەوەی مسەکەیان لە ماددەکانی تر جیا دەکردەوە، ئەوجا بە ڕێژەی لە سەدا نەوەت  لەگەڵ کانزای القصدیر یان ئەنتیمۆن بە ڕێژەی لە سەدا دە دەتوێندرایەوە بۆ بەرهەمهێنانی ماددەی برۆنز و دواتر کەرەستەکانی وەک پەیکەر و کەرەستەکانی کێڵانی زەوی و قاپ و قاچاغ و مەسینە و دەستشۆر و چەقۆ و چەک و تەقەمەنییان لێی دروست دەکرد، چونکە لە مس خۆڕاگرتر و پتەوتر بوو.


چاخلا برۆنزی لە ٣٠٠٠ ساڵ پێش زایین تا ١٢٠٠ ساڵ دوای زایینی لە شەرقی ئەدناوە دەستی پێ کرد، دوایی لە ساڵی ٢٥٠٠ و ٢٠٠٠ پێش زایین

گەیشتە ئەوروپا، ئەمەو چاخی بڕۆنزی لە نێوان ساڵانی ١٨٠٠ و ٩٠٠ پێش زایینی گەیشتە ئەوروپای ڕۆژئاوا.
شایەنی ئاماژەبۆکردنە، چاخی بڕۆنزی زۆر لە دوای چاخی کانزاکانەوە سەری هەڵدا، لە سەردەی بیست و پێنج تا سەدەی یانزەی پێش زایین دەست پێ دەکات.

## خەسڵەتە گشتیەکانی چاخی بڕۆنزی:

١-چاخی بڕۆنزی بە شێوەیەکی گشتی بە دیارکەوتنی ژمارەیەک شارستانیەت لە ئاسیا و ئەفریقا و ئەوروپا جیادەکرێتەوە. لە وڵاتی نێوان دوو ڕووبارەکە (عێراقی ئێستا) کە دەکەوێتە کیشوەری ئاسیا و وادی نیل لە کیشوەری ئەفریقا، کۆنترین دوو شارستانییەت لە جیهاندالە کۆتاییەکانی چاخی برشۆنزی لە نێوان ساڵی ٣٠٠٠ پێش زایینی بەدیارکەوتن، کە ئەم مێژووە پەیوەندی هەیە بە دیارکەوتنی نووسین لە میسر و وڵاتی نێوان دوو ڕووبارەکە.
٢- لە چاخی بڕۆنزیدا بازرگانی پێشکەوتنێکی بەرچا و فراوانی بە خۆیەوە بینی و پسپۆریی پیشەیی پەیوەندیدار بە التعدين پەیدا بوو، بەمەش وەکو پیشەکانی تری وەک دارتاشی و گۆشتفرۆشی و ..هتدن ئەم پیشەیەش لە لایەن کەسانێکی خاوەن دەسەڵات و سەرمایەوە قۆرخ کرا بەتایبەتی چینی پیاوانی ئایینی و کاهینەکان.
٣- لەم چاخەدا لە وڵاتی نێوان دوو ڕووبارەکە مرۆڤ زۆر هەنگاو لە مێژووی شارستانیەت چۆتە پێشەوە، بە تایبەتی لە لایەنەکانی ئایینی و سیاسیدا، بە چەشنێک سەروەت و سامان کلە دەستی کەسانێکی کەم لە چینی پاشاکان و کاهینەکان قۆرخ

کرا،ئەمەش وای کرد کە یاسای جیاواز بۆ حوکم کردنی ئەم چینە و گەلیش دەربچێت.
٤-لە سەرەتای چاخی برۆنزیدا لە ساڵی ٢٣٠٠ پێش زایینی کەرەستە برۆنزیەکان لە گۆڕستان و نیشتنگەکان لە ئەوروپا بەدەرکەوت. لە ساڵی ١٢٠٠ پێش زایینی زۆربەی کەرەستەکانی ڕۆژانە لە برۆنز دروست دەکران و کۆتایی هبە بەکارهێنانی ئەو کەرەستانە هات کە لە بەرد دروست دەکران.
چاخی برۆنزی بەوە جیا دەکرێتەوە کە کەرەستەکانی ڕاوکردن گۆڕانیان بە سەردا هات و باشتر کران لە ڕێگەی دروستکردنیان لە کانزای برۆنزی. بەڵام تاکو ئێستاش زانایان ناتوانن لەوە تێبگەن کە چۆن مرۆڤی کۆن بیرۆکەی تواندنەوەی کەرەستەی خاوی مسی بە ڕێگایەکی کانزایی دۆزیوەتەوە.



برۆنز یەکەم کانزایە کە مرۆڤ لە ڕێگای تواندنەوەی سەبیکەی مس و القصدیر بە دەستی هێناوە، زۆرجاریش ئەنتیمۆن و زەڕنیخیشی لەگەڵ

تێکەڵ دەکرێت، کە لە ناو فڕنی لە ژێر ١٠٠٠ پلەی گەرمیدا دەتوێتوێتەوە. ئەمەو قالبی کەرەستەکانی ڕاو و شتەکانی تریان لە بەردی نەرم دروست دەکرد، دواتر گیراوەی کانزا شلەکەیان بە ملاکی لە قوڕ دروستکراو دەکردە ناو قالبەکان.




ئەمەو ڕۆشنبیریی چاخی برۆنزی گۆڕانی بە سەردا هات، پەیوەندی باوکایەتی لە ناو خێزان دروست بوو، ڕۆڵی پیاو لە ناو خێزان بە هێزبوو. هەروەها دابەش بوونی چینایەتی کۆمەڵ دەستی پێ کرد، بە چەشنێک جیاوازی کۆمەڵایەتی و موڵکداریێتی لە نێوان دەوڵەمەند و هەژاراندا زیاتر بوو، خانووی گەورە کە ژمارەیەک ژووری لە خۆی گرتبوو بە دیزاینێکی جوان و کۆمەڵێک خانووی بچووک لە دەوریدا هەبوون، پەیدا بوو. هەروەها نووسین لە چاخی برۆنزی قۆناغ بە قۆناغ

لەو شارانەی کە پێشکەوتنی بازرگانی و پیشەکانی بە شێوەیەکی تایبەتی بە خۆیەوە بینیوە  پێشکەوت.

هونەری چاخی بڕۆنزی شان بە شانی کەرەستەکانی کارکردن پێشکەوت، لەم ماوەیەدا پەیکەرتاشی و ئاڵتون (بۆ ڕازاندنەوەی کەرەستەکانی ناو ماڵ) بەدیار کەوت. لە زەخرەفەکاندا زمانی هێمای وێنەیی پەیدابوو. جێی سەرنجە ئەو تابلۆیانەی بۆ ڕازاندنەوەی ماڵەکانیان دروستیان دەکردن سروشتێکی جادووییان هەبوو، قاپ و کەرەستەکانی چێشتخواردنیان لە گیانە شەڕانگێزەکان دروست دەکرد، ئەوەی جێگەی سەرسوڕمان بوو ئەوەبوو تابلۆ بەناوبانگەکانی کاراکۆل مەخلوقاتی سەیر و سەمەرەی وێنا کردووە، کۆمەڵێک کەسایەتی ئاژەڵی و مرۆیی لە خۆ گرتووە. کۆکردنەوەی وەجهی کامل و مەزهەری شەخسی لە وێنەی یەک مرۆڤدا، ئەمەش نزیکە لە هونەری میسری کۆن، ئەم وێنانە بیرۆکەی کەونی مرۆڤەکانی کۆنمان لە بارەی ئەسڵی مرۆڤ پیشان دەداتن لەبارەی ئاوێتەبوونی خەڵک و خوداوەند لە کاتی گواستنەوە بۆ جیهانی مردووەکان.

ئەم وێنانە بە بۆیاخی ڕەش و سپی و سوور لە سەر سندووقی بە خاکسپاردنی تەرمەکان دروست دەکران.




وێڕای ئەو کەرەستە پێویستانە، گەلانی کۆن ملوانکە و بازنە و ئەنگوستیلەیان لە بڕۆنز و مسی قالب و بڕۆنزی نەقشکراو هەروەها بڕۆنز و بەردی ڕەنگاو ڕەنگ و ئیسقان و پێستە و مرواری دروست دەکرد، ئەمەو چاخی بڕۆنزی پێشەنگی چاخی ئاسنین بوو، کە ئاستی شارستانییەتی زۆر بەرز کردەوە و پێشی خست.

**چەند نموونەیەك لە پەیکەری برۆنزی:**








**سەرچاوەكان:**

١."معلومات عن العصر البرونزي على موقع psh.techlib.cz". psh.techlib.cz. مؤرشف من الأصل فی ١١ دیسمبر ٢٠١٩.

٢."معلومات عن العصر البرونزي على موقع enciclopedia.cat". enciclopedia.cat. مؤرشف من الأصل فی ١١ دیسمبر ٢٠١٩.

٣."معلومات عن العصر البرونزي علي موقع thesaurus.ascleiden.nl". thesaurus.ascleiden.nl. مؤرشف من الآصل في ١١ ديسمبر ٢٠١٩.

٤. https://ar.sodiummedia.com/4125609-bronze-age-culture-and-art-in-brief.

٥. .https://www.marefa.org

٦. https; //www.mawdoo3.com

# هونەری تەلارسازی لای ئیغریقیەکانی کون

هەمیشە گوێمان لێ دەبێت دەڵێن ئیغریقیەکان خاوەنی شارستانیەتێکی مەزنن، لە میانی ئەو تەلارسازیانەیاندا، بنچینە و کۆڵەگەکانی هونەری تەلارسازی ئەمڕۆیان پێکهێناوە. لە خوارەوە لە چەند خاڵێکدا باسی لێ دەکەین:

ئیغریقیەکان (یۆنانی ئێستا) کۆمەڵێک تەلاری سەرنج ڕاکێش و نەوازەی جیهانی کۆنی پێشکەش کردووین، کە بوونەتە بنەمایەک بۆ تەلارسازی و دروستکردنی تەلاری جوان و سەرنج ڕاکێش لە سەردەمی کۆن و لە ئێستاشدا، وەک پەرستگا و شاری یاری و یاریگا.

یۆنان (کە دڵە زیندووەکەی دەوڵەتی ئیغریقیەکان بوو) وڵاتێکە دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا لە سەر دەریای سپی ناوەڕاست، بریتیە لە نیمچە دوورگەیەک کە قەوارە سیاسییەکەی لە خۆی دەگرێت لەگەڵ چەندین دوورگەی تر کە بەشێکن لە خاکەکەی. یۆنان خاوەنی مێژوویەکی کۆنە و دەگەڕێتەوە بۆ ٦٠٠٠ ساڵ پێش زایین، کۆنترین ئەشکەوت کە ژیانی مرۆڤی تیا بووبێت ئەم مێژووە دەسەلمێنێت.

تەلارەکانی یۆنانی کۆن بەو کۆڵەگە بەرزانەی کە هەیان بوو، لە تەلارەکانی ئەم سەردەمە جیا دەکرێنەوە. ئەو کۆڵەگانەش سێ جۆری سەرەکی و هەندێ جۆری تری لاوەکیان هەبوو، کە لە لێکدانی دوو یان زیاتری ئەو کۆڵەگە سەرەکیانە دروست کرابوون.


**جۆری کۆڵەگەکان:**

١-کۆڵەگەی بازنەیی: ئەم جۆرە کۆڵەگانە بەوە لەوانی تر جیادەکرێنەوە کە هیچ قاعیدەیەکیان نیە لەسەری دانیشن، بەڵکو هەر بە شێوە بازنەییەکوەیان لە ناو زەوی جێگیرکراون.

٢-کۆڵەگەی ئەیۆنی: لە کۆڵەگەی بازنەیی بەرزترن، بە پێچەوانەی ئەوانیش لە سەر قاعیدەیەکی گەورە لە سەر زەوی دانیشتوون، هەروەها لە سەر تاجەکەی سەریشی، زەخرەفەی حەلەزوونی هەیە.

٣-کۆڵەگەی الکورنپی: وەکو کۆڵەگە ئەیۆنیەکە وایە، بەڵام ئەو تاجەی کە لە سەری کۆڵەگەکە دایە، زەخرەفەی زیاتری لە سەر دروست کراوە.

**بڕوانەئەم وێنەیە کە هەر سێ جۆری کۆڵەگەکانی تیایە**



شایەنی ئاماژەبۆکردنە، شێوەی ئەم کۆڵەگانە کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێ دان، بە تێپەڕبوونی سەدەکان، بۆتە بنچینەیەکی سەرەکی لە تەلارسازی وڵاتانی ڕۆژئاوادا، بە چەشنێک ئەگەربێت و لە هەر شارێکی وڵاتانی ڕۆژئاوا گوزەر بکەین، ئاستەمە کاریگەریی تەلار سازی یۆنانی کۆن لە سەر تەلارەکانیان بەدی نەکەین.

**کەرەستەکانی بیناسازی:**

لە سەرەتادا، ئیغریقیەکان لە سەردەمی خۆیان لە سەرەتای ساڵی هەشتی پێش زایینیدا، تەختە و داریان لە تەواوی تەلار و دامەزراوەکانیان بەکاردەهێنا. لە سەر ئەو بنچینەیە پەرستگاکانیان لە تەختە و دار دروست دەکرد و پوش و قەمیشیشیان بۆ سەقفی پەرستگاکە بەکاردەهێنا. بەڵام دوای سەدەی حەوتەمی پێش زایینی بەردی جیرییان لەجیاتی تەختە و دار بەکار دەهێنا، کە لە دەوروبەری شاری ئەسینا دەریان دەهێنا و لەگەڵ بەردی ڕووخام لە دروستکردنی دامەزراوە فەرمیەکانیان بەکاریان دەهێنا. هەندێک پەرستگای ئەو سەردەمە لە هەردوو بەردی جیری و ڕوخام دروست کراون. ئەمە و لە میانی لێکۆڵینەوە شوێنەوارناسیە مێژووییەکان و ئیستکشافیەکاندا بۆمان دەردەکەوێت، بە هۆی دەستڕەنگینی دارتاشە کۆنەکانی ئیغریقی، زەخرەفەی سەر کۆڵەگەکان پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە.

**پەرستگا:**


خاوەن دەسەڵاتەکان بایەخێکی زۆریان بە پەرستگا داوە، پەرستگا یەکێکە لە هێما گەورەکان لای ئیغریقەکان، گرنگترین هونەرکاری بیناسازی ئەو سەردەمەی تیا بەکارهاتووە، وەک کەمێک خوارکردنەوەی کۆڵەگەکانی بیناسازی لە شاوڵ، بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵە بینینی چاو کە لە ئەنجامی بینین لە مەسافەی دوورەوە دروست دەبێت، هەروەها کەمکردنەوەی ئەستووری کۆڵەگەکان بە ئاراستەی سەرەوە، ئەمە و چەندین داهێنانی ئەندازیاری بە ئامانجی بەدیهێنانی ئامانجەکانی جوانی و بیناسازی.

پەرستگا یۆنانیە ستانداردەکان، بە زۆری مەساقتی هاوشێوەیان هەیە (بە زۆری شێوەی لاکێشەییان هەیە) لە هەموو لایەکەوە ڕیزێک کۆڵەگە بە دەورەیدا دابەش بوونە، بە زۆری ئەو گۆڵەگانە شێوەیان بازنەیی یان ئایۆنیە، کە بە ڕەگەزێکی سەرەکی دیزایینی دیوی پێشەوەی ئەو پەرستگایانە دادەندرێن. بەڵام لە پشت ئەو کۆڵەگانە، هەندێک کۆلانی موعەقەد لە دەورەی هۆڵێکدا هەن، کە حوجرەیەکی تیایا پەیکەری خوداوەندی تیا دانراوە. ئەم هۆڵە لە قاعیدەیەک بەرزترە کە لە سێ پایە پێک هاتووە، بەڵام بانەکەی لە جەمەلۆن دروست کراوە و بە ئاراستەی هەردوولا بە گۆشەیەکی (١٥) پلە لار بۆتەوە، کە لە دیوی پێشەوە، لە شوێنی چوونە ژوورەوەی پەرستگاکە دیمەنێکی سێ گۆشەیی دروست کردووە و لە هەر گۆشەیەک لە گۆشەکانی سێ گۆشەکە، هەندێک زەخرەفەی جوانکاری داتاشراوی ڕووەکی یان برۆنزی هەڵواسراوە.

ئەو زەخرەفە و داتاشراوانە تەنها بۆ بەدەرخستنی فەخامەت و ڕەسانایەتی لە واجیهەی ئەو پەرستگایانە بەکارنەهاتوون، بەڵکو وەکو مینبەرێک بۆ خستنە ڕووی ئەو ڕووداوە گرنگانە بەکارهاتوون کە لە مێژووی شارەکەدا ڕوویانداوە، یان بۆ گێڕانەوەی ئەفسانەیەک لە ئەفسانەکانی ئیغریقەکان.

ئەمەو سەقفی ئەو پەرستگایانە لە قرمید دروست کراون، بەڵام دەرگاکانی لە داری سەر و یان دردار دروست کراون و بە زەخرەفەی برۆنزی ڕازێندراونەتەوە.

بڕوانە ئەم وێنەیەی خوارەوە کە دیمەنی دیوی پێشەوەی یەکێک لە پەرستگاکانی ئەو سەردەمەیە




هەندێک نموونە لە پەرستگا بەناوبانگەکانی ئیغریقەکان:

پەرستگای البارپینون لە شاری ئەسینا لە ساڵی پێنجەمی پێش زایینی، کە لە شوێنێکی بەرز دروست کراوە کە جەخت لە نەمری و گەورەیی ئەسینا دەکاتەوە.



پەرستگای ئەرتیمیس لە ئەفیزۆس لە ساڵی پێنجەمی پێش زایینی. کە بە یەکێک لە شتە سەرسوڕهێنەرەکانی جیهانی کۆن دادەندرێت، بەڵام لە سەدەی سێیەمی پێش زایینی لە هەمان ئەو ڕۆژەی کە ئەسکەندەری مەقدۆنی سەرکردەی ئیغریقی تیا لە دایک بوو، وێران بوو.


ئەمەی خوارەوە وێنەی ئەو پەرستگایەیە کە لە وڵاتی تورکیا لە شاری ئەستەنبۆڵ بە هەمان ترازی پێشووی دووبارە دروست کراوەتەوە.



پەرستگای بۆسیدون لە سۆنیۆن لە ساڵی پێنجەمی پێش زایینی، کە لە سەر لێوارەکانی دەریای ئیجەیە و شارەزایی و لێهاتوویی ئیغریقەکان بە دیزایینەکەیەوە دیارە، بۆ بەدەرخستنی گەورەیی تەلارەکانیان لە دوورەوە.



هەندێک لە پەرستگا ئیغریقیەکان بە ناوازەیی و جیاوازی دیزاینەکانیان لە دیزاینی نموزەجە گشتییانەی کە لەو سەردەمەدا باوبوون، ناوبانگیان دەرکردبوو، یەکێک لەو پەرستگا بەناوبانگانە پەرستگای (ارخپیون) لە شاری ئەسینا کە کۆمەڵێک کۆڵەگەی موبتەکەری لە خۆی گرتووە کە ناسراوە بە (Cyclades) کە بەوە جیا دەکرێتەوە کە جەستەی ژنی بەرجەستە کردووە لە جیاتی بەدەنی کۆڵەگەی تەقلیدی.



شایەنی ئاماژەبۆکردنە، تەلارسازە ئیغریقەکان هەمیشە هوڵیانداوە تەلارە گەورە و ناوازەکانیان لە سەر بناغەیەکی بەهێز و پتەو دابمەزرێنن کە توانای ڕاگرتنی ئەو تەلارە زەبەلاحانەیان هەبێت، بۆیە لێکۆڵینەوەیان لە چینەکانی زەوی کردووە و بۆ دروستکردنی هەر تەلارێک شوێنێکی باشیان هەڵبژاردووە، بەبێ گوێدانە بەرزی و نزمی ئەو زەویانەی کە بۆ ئەم مەبەستە بەکاردەهێندرێن، کە ئەمەش وای کردووە بەرامبەر کەش و هەواو بومەلەرزەکان خۆڕاگربێت. بۆیە دەبینین زۆربەی ئەو تەلارەکانی یۆنانی کۆن لە ئەنجامی دەستێوەردانی مرۆڤەوە زیانیان پێ گەیشتووە و لەناو چوون نەک ئاووهەواو بوومەلەرزە.

## هونەری پەیکەرسازی لە میسری کۆن

بە شێوەیەکی گشتی هونەری پەیکەرسازی لە وڵاتی میسری کۆن سروشتێکی ئایینی هەبوو، هەروەها پەیوەست بوو بە بیرو باوەڕی میسرییەکانی ئەو سەردەمە و بە بۆنەی کۆچکردنی کەسێکی دیار و ناوداری ئەو سەردەمە دروستیان دەکرد. زۆرجار پەیکەرێکیان بۆ کەسە مردووەکە دروست دەکرد و دواتریش لەگەڵ ئەو دەیانخستە ناو گۆڕەکەی و هەمان ئەو ڕێوڕەسمەیان بۆ دەکرد کە بۆ خوداوەندەکانی خۆیان دەیانکرد، بۆ نموونە دەمیان دەکردەوە وەک هێمایەک بۆ ژیانەوە. ئەمەو لەپاڵ پەیکەری مردووەکە، هەندێک پەیکەری بچوکیان دروست دەکرد و لەگەڵ مردووەکە ئەوانیشیان دەخستە گۆڕەکەی، لەو باوەڕەدابوون کە ئەوان خزمەتی مردووەکە دەکەن لە ناو گۆڕەکەی. هەروەها سەبارەت بە پەرستگاکان، پەیکەرێکی گەورەیان بۆ خوداوەند دروست دەکرد یان چەند پەیکەرێکیان بۆی دروست دەکرد. بەڵام لە گۆڕەپانەکان و شوێنە گشتییەکان، پەیکەری پاشا و کەسایەتییە ناودارەکانیان دادەنا.

## شێوەی پەیکەرەکانی میسری کۆن:

لە سەردەمی میسری کۆندا بۆ دروستکردنی پەیکەر لە ڕووی قەوارەوە جیاوازیان دەکرد لە نێوان پەیکەری فیرعەونەکان و پەیکەری کەسایەتییەکانی تر، بە واتایەکی تر دەتوانین بڵێین جیاوازی چینایەتی کاریگەریی هەبوو لە سەر قەوارەی پەیکەرەکان. بەم شێوەیە کێشی

پەیکەری فیرعەونەکان چەند تەنێک دەبوو، لە کاتێکدا کێش و قەوارەی پەیکەری فەرمانبەر و کەسایەتییەکانی تر، بە کێش و قەوارەیەکی سروشتی بوو. بچووکترین سووکترین پەیکەریش، بریتی بوو لە پەیکەری کرێکار و خزمەتگوزارەکان، کە لە پەنجا سەنتیمەتر تێنەدەپەڕی، بەڵام وردەکارییێکی زۆریان پێوە دیاربوو.



نموونەیەک لە پەیکەری کرێکار و خزمەتگوزارەکان لە میسری کۆن

## پەیکەرسازی فیرعەونەکان جێگەی سەر سووڕمان بوو:

شایەنی باسە هونەری پەیکەرسازی لە وڵاتی میسر دەگەڕێتەوە بۆ چاخی بەردینی نوێ، میسرییە کۆنەکان شارەزاییێکی باشیان لەم

هونەرە هەبوو، هەزاران ساڵ بەر لە ئێستا ئەوان شارەزاییان هەبوو لە گوزارشتکردن لەم هونەرە.

بۆ نموونە ئەگەر تەماشای شارستانێتی (البداری) بکەین لە ناوچەی ئەسیوت، هەروەها شارستانێتی (نقادە) لە ناوچەی قینا، دەبینین زۆر بایەخیان بە هونەری پەیکەرسازی داوە. پەیکەرەکانی ئەو سەردەمە بریتین لە پەیکەری دایکان و خانەوادەکان و ڕووەک و دیمەنە سروشتییەکان.



پەیکەری خانەوادەیەکی میسری لە سەردەمی فیرعەونەکان

ئەمەو میسرییە کۆنەکان داهێنانیان لە هونەری پەیکەرسازی کرد و پەیکەریان لە سەر دیوارەکان دروست دەکرد. لەم بارەیەوە ڕاگری

کۆلێژی شوێنەوارەکان لە شاری ئەقسەر دەڵێ شارەزایی و کارامەیی پەیکەرسازەکانی میسری کۆن و ئەو وردەکاری و هونەرکارییەی کە لە کارە هونەری و پەیکەرەکانیاندا هەبوون وای کردبوو کە بەناوبانگترین هونەرمەندی هاوچەرخ نەتوانێ لاسایی ئەو کارە هونەریانە بکاتەوە.

**هونەری پەیکەرتاشی لە میسری کۆن هونەرێکی جەماعی بوو:**

یەکێک لە سیفەتە دیارەکانی هونەری پەیکەرتاشی میسری کۆن ئەوە بوو، هونەرێکی جەماعی بوو نەک تاکە کەسی، دەوڵەت و ئاین بە هزر و بیروباوەڕ و داب و نەریت، هەروەها گەل و هونەرمەندەکە بەشداریان تیایدا دەکرد، ئەو شتانە هەموویان پێکەوە بەشداریان دەکرد لە بەرهەمهێنانی پەیکەرەکان، کە بۆ ماوەی نزیکەی سی سەدە بەبێ ئەوەی زیانێکی گەورەویان پێ بگات بە خۆڕاگری ماونەتەوە.

بەشێوەیەکی گشتی کارە هونەریەکان لەو سەردەمدا بە هەوڵ و تەقەلای کۆمەڵێک کەسی بەهرەمەند و شارەزا لە هونەری پەیکەرتاشی، بە سەرپەرشتی پەیکەرتاشەکە، پەیکەرەکە دروست دەکرا.

سەردەمی دەوڵەتی میسری کۆن بە کۆڵەگەی بنەڕەتی و دەستپێک دادەندرێت کە گشت شارستانێتی فیرعەونەکانی لە سەر بنیادنراوە.

**دروستکردنی پەیکەرەکان بە شێوەی ستوونی یان ئاسۆیی لە میسری کۆندا:**

لە میسری کۆن بە شێوەی جیا جیا پەیکەر دروست دەکرا، بە شێوەیەکی گشتی پەیکەری فیرعەون و پاشاکانیان بە ڕاوەستان یان بە دانیشتن دروست دەکرد، ئەگەر بە دانیشتن دروستیان بکردایە، لە سەر کورسی دەسەڵات دروستیان دەکرد، بەڵام ئەگەر بە ڕاوەستان دروستیان بکردبا، ئەوا بە شێوەیەکی ستوونی دروستیان دەکرد، بۆ نموونە سەرەکەیان بە ستوونی لە سەر دوو شانەکان دادەناو هەردوو دەستەکانیشیان بە هاوتەریبی لاشەکە دروستیان دەکرد، پێی چەپەشیان دەخستە پێش پێی ڕاستەوە، ئەگەر بە دانیشتنیش دروستیان بکردبا، ئەوا هەردوو دەستەکانیان دەخستنە سەر قاچەکان، هەندێک جاریش دار حەیزەرانێکیان دەخستە ژێر دەستی پەیکەری ئەو فیرعەونە یان پاشایەی کە دروستیان کردووە. لە هەندێک پەیکەریشدا وەزعی خۆچەماندنەوە دەبینین، هەروەکو لە پەیکەری شاژن (حتشبسوت) ئەمە بەدی دەکەین کە وێنەی سەری شاژنیان خستۆتە سەر وێنەی ئەبولهۆل و لە سەر چۆک پەیکەرەکە دروست کراوە.




پەیکەری شاژنە هاتشێپسوت لە شێوەی ئەسفەنگ، پەیکەرەکە لە مۆزەخانەی میسر پارێزراوە، بەرزییەکەی ٦٢ سم، لە بەردی لیمۆ دروستکراوە، ڕەنگی زەرد کراوە و هەندێک ڕەنگی سەوزی شین لەسەری دەردەکەوێت.

## ئەو فاکتەرانەی بوونە هۆکاری پێشکەوتن و گەشەسەندنی هونەری پەیکەرسازی لە میسری کۆندا:

کۆمەڵێك بارودۆخ و فاکتەر یارمەتی هونەرمەندی میسری کۆنیان دا و وایان کرد کارە هونەریەکەی بەو وردەکایە و داهێنانەوە لە دایك بێت، بە چەشنێك بوونە جێگەی سەرسوڕمان لە لایەن کەسان لە کۆن و لە ئێستادا، کە ئەمانەی خوارەوە بەشێکن لەو فاکتەر و بارودۆخە سروشتیانەی کە بوونە هۆی پێشکەوتنی هونەری پەیکەرسازی لە میسری کۆندا:

١-	ئەو ئاوهەواو سروشتە دڵڕفێنەی کە وڵاتی میسر هەیەتی بە دەشت و کێوە سەوزەکانی و بەرزی و نزمی و بیابانەکانی و ڕووباری نیل و ئەو خۆرە زەردەی کە بە درێژایی ساڵ گەشاوەیە، وایان کردووە هونەرمەندی میسری دیمەنی ئەو سروشتە جوان و دڵڕفێنەی دەوروبەری خۆی بکێشێت و بە نیگارکێشان و پەیکەرتاشین لە سەر خشت و دیواری پەرستگاکان و گۆڕستانەکان بە جۆرێك گوزارشتیان لێ بکات، کە شوێنێك نەماوە ئەوان وێنەیان لێی نەکێشابێت یان پەیکەریان لێی دانەتاشیبێت.

٢-	نووسینی میسری کۆن کە بریتیی بوون لە کۆمەڵێك هێما و شێوەی ئەندازەیی یان سروشتی یان ئاژەڵی یان مرۆڤایەتی، هەموو ئەوان وایان کرد هونەرمەندی میسری کۆن لە هونەرەکەی داهێنان بکات بە بەکارهێنانی ئەو ئامرازانەی کە لەبەردەستی بوون.



پەیکەریکی میسری کۆن کە نووسینی ئەو سەردەمەی لەسەر هەڵکەندراوە

٣- ئەمن و ئاسایش و هێمنی وسەقامگیری میسری کۆن ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە پێشکەوتنی هونەر بە گشتی و هونەری پەیکەرسازی بە تایبەتی، چونکە میسری کۆن سەدان ساڵ بە سەقامگیری و دوور لە شەڕ و ململانێ مایەوە، ئەمەش وای کرد هونەری پەیکەرسازی لەو وڵات داهێنان و پێشکەوتنی بەرچاو بە خۆیەوە ببینێت.

٤- ئەو بارودۆخە ئابوورییە باشەی کە لە ئاکامی بەرقەراربوونی ئاشتی و ئارامی و سەقامگیری نیزامی سیاسی میسری کۆن هاتبۆ ئاراوە، ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە بەرەو پێشەوە چوونی هونەری پەیکەرسازی لەو وڵاتەدا، میسری کۆن بە هەناردەکردنی شووشە و خوری و لۆکە بەناوبانگ بوو، هەروەها میسری کۆن بە زێڕ و کانزای بە نرخ بەناوبانگ بوو لە شاخەکان دەریان دەهێنان، ئەمەو زەویە بە پیت و بەرەکەتەکەی سەرچاوەی کشتوکاڵ بوو، هەموو ئەوانە وایان کردبوو وڵاتێکی دەوڵەمەندبێت.

٥- بوونی دەریاکان بۆتە سەرچاوەی بژێوی ژیانیان، میسریەکان پشتیان بە ماسییەکانی ناو دەریا دەبەست بۆ دابینکردنی خۆراك و بژێویان، هەروەها ڕێڕەوە دەرياييەکانیان بۆ بازرگانیکردن لەگەڵ وڵاتانی تر بەکار هێناوە، گشت ئەمانەش هۆکاربوونە بۆ پێشکەوتنی هونەرمەندانی میسری و پیشوەچوونی پەیکەرسازی لەو وڵاتە.

٦- کرانەوەی میسری کۆن بە ڕووی وڵاتانی تر و وڵاتەکانی ژێر دەستی، وایان کردووە سوود لە هونەری ئەو وڵاتانە وەربگرن و لەگەڵ هونەری خۆیان تێکەڵیان بکەن.

٧-	بیروباوەڕی میسریەکۆنەکان کە خۆی لە پەرستنی سروشت و تەسەورکردنی لە شێوەی ئادەمیزاد یان ئاژەڵ دەبینیەوە، ئەمەش وای کردبوو هونەری پەیکەرسازی لەو وڵاتە زیاتر پێشبکەوێت.

٨-	دەستەبەربوونی ئەو کەرەستە خاوانەی کە لە هونەری پەیکەرسازیدا بەکاردەهێندران وەك بەردی جیری کە بەکارهێنانی بۆ تاشین و دروستکردنی پەیکەر ئاسانە، هەروەها هەندێك جۆری تری بەردی بە نرخ کە لە میسری کۆن هەبوون و ناوبانگی پێوە دەرکردبوو، هەروەها لیمی ڕووباری نیل کە بۆ دروستکردنی گۆزە و ئەو کەرەستانە بەکار دەهێنران کە لە قوڕی سوورکراوە دروست دەکران، گشت ئەمانە هۆکاری پێشکەوتنی پەیکەسازی بوون لەو وڵاتە.



پەیکەری پاشا (أمنحتب الپانی) لە بەردی جیری دروستکراوە

## هونەری پەیکەرسازی و باری کۆمەڵایەتی لە میسری کۆندا:

بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئاستی بژێوی ژیانی میسری کۆن تەئسیری لەسەر باشی هونەرەکە و شێوەکەی هەبوو، هەرچەندی پەیکەرتاشەکە دەوڵەند بوایە، هێندە ئەو کارە هونەریەی کە دروستی دەکرد پڕ لە وردەکاری و جوانکاری و سەرکەوتووتر دەبوو، تا ڕادەیەک هونەری پەیکەرسازی بەسترابۆوە بە بارودۆخی دارایی و کۆمەڵایەتی خاوەنەکەی.

## کاریگەرییەکانی باری کۆمەڵایەتی لە سەر پەیکەتاشانی میسری کۆن:

واقیع بە بابەتە مادی و مەوزوعییەکان و مرۆڤەکانیشەوە لە گۆڕانکارییێکی بەردەوام دان، بۆیە لە هەر قۆناغێکی پێشکەوتنیدا شێوەیەکی جیاواز وەردەگرێت لە کۆنترۆلکردنی سروشت لەلایەن مرۆڤەوە و پەیوەندیشی بە کۆمەڵگاکەیەوە کە تیایدا دەژیت.

جا لە بەرئەوەی هونەر تیشکدانەوەی پەیوەندی مرۆڤ بە سروشت و کۆمەڵگەکەیەتی، بۆیە هونەریش پێش دەکەوێت بە پێشکەوتنی ئەو واقیعەی کە تیایدا دەژیت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هونەر تیشکدانەوەی واقعێکی دیاریکراوە.

گومانی تیا نیه هەموو وێنە و پەیکەرەکانی میسری کۆن ڕەنگدانەوەی ئەو واقیعە سروشتی و کۆمەڵایەتییە بووە کە هونەرمەندانی میسری کۆن تیایدا ژیاون.

## خەسڵەتەکانی پەیکەرسازی میسری کۆن:

مێژووی مرۆڤایەتی هونەری ئەوەی سەلماندووە کە هەر نەتەوەیەک لە هەر سەردەمێکدا هونەرێکی تایبەت بە خۆیان دەبێت و جیاواز دەبێت لە هونەری سەردەمی پێش خۆیان بە گوێرەی جیاوازی بارو دۆخی ڕۆشنبیری ئەو سەردەمەی تیایدا ژیاون. بۆیە ئەگەر سەرنجی هونەری پەیکەرسازی میسری کۆن بدەین و لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەین، دەبینین بە یەک شێواز دروست کراون و کاریگەری داب و نەریتی ئەو سەردەمی بەسەرەوە دیارە، بۆیە ڕەنگدانەوەی بەناوبانگترین شارستانیەتی جیهانییە کە ئەویش شارستانییەتی میسری کۆنە.

شایەنی ئاماژبۆکردنە هونەرمەندی میسری کۆن دوو ئسلوبی کارکردنیان بۆ کارە هونەریەکانیان گرتبووە بەر، یەکەمیان بریتی بوو لە دروستکردنی پەیکەری خوداوەند و پاشاکانیان هەروەها چینی ئەمیرەکانیان کە بە هونەری فەرمی ناوزەد کراوە.




**پەیکەری ڕەمسیسی دووەم**

ئسلوبی دووەمیش بریتی بوو لە دروستکردنی پەیکەری ئەتباعەکان کە ناوزەد کراوە بە هونەری جەماوەری یاخود هونەری نافەرمی، بۆ نموونە وەک پەیکەری حامله القرابین.



**تمثال حاملة القرابين**

ئەمەی خوارەوە نموونەی هەندێک لەو پەیکەرانەن کە لە میسری کۆن دروست کراون:










**سەرچاوەکان:**


-مصطفى محمود محمد العربي: فن النحت المصري القديم بين الالزام و حرية التعبير، ماستەرنامەیەکە بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە هونەر، ساڵی ١٩٩٧ پێشکەشی کۆلێژی هونەرەجوانەکانی زانکۆی حەلوان لە میيسر کراوە.

-عبدالمنعم تليمة: مقدمة فى نظريه الادب، دار الثقافة والنشر، القاهرة ١٩٩٠.

- النحت المصري القديم https://wikiarab.com20/12/2020.

- تاريخ فن النحت فى مصر القديمة، https://www.sba7egypt.com 20/12/2020 .

-تمثال رأس الملكة حتشبسوت من معبد الدير البحري، https://www.civgrds.com/archaeology 20L12L2020 .

-الفن المصري والمدارس الفنية عن قدماء https://www.civgrds.com/archaeology 27/12/2020.

## سەردەمی ڕێنسانسی زێڕین Rinascimento و سەردەمی مانێریزم Mannerism:

سەردەمی ڕێنسانس، بزووتنەوەیەکی ڕۆشنبیری بوو، لە سەدەی چواردەی زایینیەوە تا سەدەی حەڤدەمی زایینی بەردەوام بوو، سەرەتای ئەم بزووتنەوەیە لە ئیتاڵیا لە چاخەکانی ناوەڕاست دەستی پێ کرد، دوایی لە گشت شوێنەکانی تری ئەوروپا بڵاوبۆوە.

**سەردەمی مانێریزم:** بە واتای ڕێبازو شێواز و تێچوون دێت، بزووتنەوەیەکی هونەرییە، لە قۆناغی کۆتایی خۆیدا کاری کردە سەر هونەری ڕێنسانسی ئیتاڵی.

## جیاوازیی نێوان سەردەمی ڕێنسانسی زێڕین و سەردەمی مانێریزم:

### ١-چەمک:

هەردوو سەردەم دوو پێناسەی جیایان هەیە بەم شێوەیەی خوارەوە:

سەردەمی ڕێنسانسی زێڕین: بەو ماوەیە دەوترێ کە تیایدا لە نێوان سەدەی پانزە و سەدەی شانزە بایەخ و گرنگییێکی زۆر بە هونەر و ئەدەب و هزر درا لە ئەوروپا.

**سەردەمی مانێریزم:** بەو بزووتنەوە هزریە دەوترێت کە لە کۆتاییەکانی سەدەی حەڤدەو هەژدە لە ئەوروپا سەرە هەڵدا، لە ژێر کاریگەرێتی فەیلەسوفانی سەدەی حەڤدە، تەرکیزی لە سەر ئەقڵ و تاک پەروەری کردەوە.

### ٢-ماوەی کات:

ئە ماوەیەی کە هەردوو سەردەم تێیدا گەشانەوە جیاوازن:

سەردەمی ڕێنسانسی زێڕین: سەدەی پانزە و شانزە بە لووتکەی گەشەسەندنی سەردەمی ڕێنسانس دادەندرێت.

**سەردەمی مانێریزم:** لە سەدەی حەڤدە و هەژدە ڕاستەوخۆ سەردەمی مانێریزمی بەدوادا هات.

**٣-بیروباوەڕ**

سەردەمی ڕێنسانسی زێڕین: بیرۆکەیەکی زۆر و بیروباوەڕە زاڵەکان لە سەردەمی ڕێنسانس تەرکیزکردن لە سەر تاک پەروەری، هونەرمەندان لەم سەردەمەدا بە شێوەیەکی تایبەتی هەستیان بە ئازادی و داهێنان و بایەخ پێدان کرد لەلایەن کەسانی دەوڵەمەند و پارەیان پێ درا بەمەش توانیان کۆنترۆلی کارە هونەری و بیرۆکەکانیان بکەن.

**سەردەمی مانێریزم:** بیرۆکەیەکی زۆر و بیروباوەڕە زاڵەکان لە سەردەمی مانێریزم هەبوو، لەوانە فەلسەفەی ئایین لە لایەن ڕینێ دیکارت فەیلەسوفی ماتماتیک و فیزیک لە فەڕەنسا تاوتوێ کرا، بە شێواز و ئاڕاستەیەکی نوێ باسکراوە، هەروەها لەلایەن جۆن لۆک لە ئینگڵتەرا.

دیکارت خاوەنی ئەو بیرۆکەیە بوو کە دەڵێ ئەقڵ سەرچاوەی سەرەکی مەعریفەی مرۆڤایەتیە، چیتر خواوەند بە سەرچاوەی فیکری فەلسەفی داناندرێت.

**٤-هونەر و ئەدەب**

بەڵام لەبارەی هونەر و ئەدەب هەر سەردەمێک لەو سەردەمانە تایبەتمەندیی خۆیان هەیە وەک:

سەردەمی ڕێنسانسی زێڕین: چەندین جۆری هونەر لەو سەردەمەدا گەشەی سەند لەوانە(وێنە و پەیکەر و موزیک و ئەدەب و تەلارسازی) هەموو ئەو شتانە لە ژێر کاریگەرێتی هۆشیاری سروشت و بوژنەوەی کلاسیک و تێڕوانینی تاکە کەسیی مرۆڤ بەرهەم هات.

**سەردەمی مانێریزم:** بیروبۆچوونەکانی ڕۆشنگەری کاریگەرییان لەسەر هونەر و گەورەکردنی هاوچەرخانەی ئەقڵ و ئەزموونکاری و کلاسیکیەکان هەبوو.

٥-کەسایەتیە کاریگەرەکان

**چەندین کەسایەتی کاریگەر لە هەردوو سەردەمدا هەبوون وەك:**

سەردەمی ڕێنسانسی زێڕین: مایکل ئەنجیلۆ (١٤٧٥-١٥٦٤) پەیکەرتاش و نیگارکێش و تەلارساز و شاعیر و ئەندازیار بوو، بووە کاریگەرترین کەسایەتی هونەری ڕۆژئاوا، کارە هونەریەکانی لە نیگارکێشان و پەیکەرتاشی و تەلارسازی بە بەناوبانگترین کار دادەندرێت.

لیۆناردۆ داڤینشی (١٤٥٢-١٥١٩) بە پیاوی نموونەیی سەردەمی ڕێنسانس دادەندرێت، مەزنترین بلیمەتی جیهانی بوو، نیگارکێش و زانای ماتماتیک و ئەندازیار و زانای ڕووەک و پەیکەرتاش و زانای توێکاری بوو، ئەو بوو وێنەی تابلۆی مۆنالیزای کێشا کە بەناوبانگترین تبلۆیە لە جیهاندا.

**سەردەمی مانێریزم:** ڕینێ دیکارت (١٥٩٦-١٦٥٠) بە وتنی ئەوە بەناوبانگە ((من بیردەکەمەوە کەواتە مە هەم))، فەیلەسوف و زانای ماتماتیک فەڕەنسی بوو، شۆڕشێکی لە بواری فەلسەفەو جەبر و ئەندازەدا بەرپا کرد، وەکو هەندێک لە فەیلەسوفەکانی سەردەمی مانێریزم بە بێ لێکۆڵینەوەو سەلماندن دانی بە هیچ شتێک نەدەنا، دەیوت نابێت هیچ شتێک بە دروست قەبوڵ بکەیت ئەگەر هاتوو بچووکترین گومانت هەبێت.

**٦-دەسکەوتەکانی سەردەمی ڕێنسانس و سەردەمی مانێریزم:**

**دەسکەوتەکانی سەردەمی ڕێنسانس:** لە سەردەمی ڕێنسانسدا چەندین دەسکەوت بەدی هاتن لەوانە:


سپۆنسەری بازرگانەکان بۆ هونەرلە گەشانەوەیەکی بێوێنەیی وێنەکێشان و پەیکەرتاشی و تەلارسازی لە ئیتاڵیا و باکوری ئەوروپا.

لە سەردەمی ڕێنسانسدا چەندین بەرهەمی هونەریی نایاب دەسکەوتوو بوون لەوانە تابلۆی سەردیوار لە سەر بنمێچی کلێسای سیستین لە لە سەردەمی پاپا پۆڵسی دووەم و لیوی دەیەم.

**دەسکەوتەکانی سەردەمی مانێریزم:** لە سەردەمی مانێریزم چەندین دەسکەوت بەدی هاتن لەوانە:

سەرهەڵدانی عەلمانییەت، چیتر کار بەو بیرۆکەیە نەکرا کە پێی وابوو ئایین هۆکاری هەڵگیرسانی جەنگی دەرەکییە، هەروەها کار بە ئازادیی خواپەرستی کرا. ئەمەو لە کۆتایی سەدەی هەژدەوە بە فەرمی بیرۆکەی جیاکردنەوەی ئایین لە کڵێسا دەستی پێ کرد.

**بەرهەمی هونەری لە سەردەمی سەلجوقیەکان**



**وێنەی مزگەوتێک لە شاری ئەسفەهان ئێران نەخش و نیگاری سەلجوقیەکانی لەسەرە**



**مەزاری خالیدی کوڕی وەلید لە پاکستان هونەری تەلارسازی سەلجوقی تیا بەکارهاتووە**



**نووسین لەسەر تەختە لە ڕێگای هەڵکۆڵینی بە کەرەستەی ڕەسەن لەلایەن سەلجوقیەکان**





وێنە لە سەردەمی سەلجوقیەکان          هونەری زەخرەفە لە سەردەمی سەلجوقیەکان

## تەکنیك و کەرەستە لە هونەری وێنەکێشان

### هونەری شێوەکاری و جۆرەکانی تەکنیک و کەرەستەکانی:

هونەری شێوەکاری بریتییە لە کۆمەڵێک خاڵ و هێڵکاری کە بە شێوازێکی دیاریکراو بەستراون بە یەکەوە، بۆ گوزارشتکردن لە بیرۆکەیەک بە شێوازێکی هونەری، هونەری شێوەکاریش هەندێک پرەنسیپ و ڕەگەز و بنەمای هەن، پێویستە هونەرمەند لە کاتی وێنەکردندا ڕەچاویان بکات، لە خوارەوە لە چەند خاڵێکدا تیشک دەخەینە سەر پرەنسیپەکانی هونەری وێنەکێشان و جۆرەکانی تەکنیک و ئەو کەرەستانەی کە تیایدا بەکاردێت.

## گرنگترین پرەنسیپەکانی وێنەکێشان:

١-	پێویستە سەرەتا پەیکەری دەرەوەی وێنەکە بکێشین.

٢-	پێویستە ڕەچاوی ماوە بکەین لە نێوان شێوەکاندا.

٣-	هەرچەندی شێوەی ئەو شتەی دروستی دەکەین نزیک بێت، هێندە دەبێ ڕەنگەکەی تۆخ بێت.

٤-	پێویستە ڕەچاوی ئاراستەی سێبەر و تیشک بکەین بە شێوەیەکی ڕاست.

## جۆرەکانی کەرەستە:

وێنە بەوە لە هونەرەکانی تر جیادەکرێتەوە کە پێویستی بە کەرەستەیەکی زۆر هەیە، ئەم کەرەستانەش کە لە وێنەکێشاندا بەکاردێن، نرخەکانیان زۆر نیە، لە خوارەوە باسی هەندێک لەو کەرەستانە دەکەین:

## پێنووسی ڕەساس:

لە زوێکەوە پێنووسی ڕەساس بەکارهاتووە، بەر لەوەی بۆ کاری هونەری وێنەکێشان بەکاربێت. پێنووسی ڕەساس لە لایەن هونەرمەندانی شێوەکارەوە بەکاردێت بۆ دروستکردنی سکیچ پێش ئەوەی دەست بکەن بە ڕەنگکردنی. یەکێک لە خەسڵەتەکانی ئەوەیە کە زۆر جۆری هەیە، لە ڕەنگی خۆڵەمێشییەوە دەست پێ دەکات تا لە ڕەنگی ڕەش نزیک دەبێتەوە، نزیکەی بیست جۆری هەیە بەم شێوەیەی خوارەوە:

## وێنەکێشان بە قەڵەم ڕەساس



### پێنووسی خەڵوز:

پێنووسی خەڵوزبە یەکێک لە کەرەستە ناوازەکانی وێنەکێشان دادەندرێت، زۆر جۆری هەیە، هەندێکیان زوورن، هەندێکیشیان نەرمن، هەندێکی تریشیان ڕەقن، هەندێکیش نە زۆر ڕەق وە نە زۆر نەرمن. پێنوسی خەڵوز لە ڕووی سەرچاوەکەیەوە دوو جۆری هەیە، سروشتی و دەستکرد.

مێژووی خەڵوز دەگەڕێتەوە بۆ ئەوکاتەی کە مرۆڤی کۆن ئاگری دۆزیوەتەوە و بەکاریهێناوە لە سەر دیواری ئەشکەوتەکان، مەبەستەمان

له سەردەمی چاخی بەردینە. مرۆڤەکان لەو سەردەمەدا وێنەیان دەکێشا بە کەرستەی سادە و بە شێوەیەکی زۆر سادە و ساکار، چونکە ژیانی ئەو سای مرۆڤایەتی زۆر سادە بوو. زۆرجار ئەو کەرەستانە کە بەکاریان هێناوە، لە ژیانی ڕۆژانەیاندا کاتێک داریان بۆ خۆگەرم کردنەو و چێشتلێنان سووتاندووە، پاشماوەی ئەو دارەیان بۆ وێنە کێشانی ئاژەڵ لە سەر دیواری ئەو ئەشکەوتانە بەکار هێناوە کە لە ناویدا دەژیان. کەواتە مێژووی خەڵووز دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی چاخی بەردین. بۆیە خەڵووز بە کۆنترین ئامرازی وێنەکێشان دادەندرێت، وە هەروەها لە سەردەمی ڕێنساس بە فراوانی بەکارهاتووە، بەڵام زۆر کەم لە کارە هونەرییەکان ماونەتەوە.

**شایەنی ئاماژەبۆکردنە، بە زۆری ڕەژوو لە داری (الصفصاف) دروست دەکرێت و ڕەنگەکانی جۆراو جۆرن لە ڕەشێکی زۆر تاریک تا دەگاتە خۆڵەمێشییێکی نزیک لە سپی، و بە باشترین ئامرازی وێنەکێشان دادەندرێت.**

**پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەین لە چۆنێتی بەکارهێنانی پێنووسی خەڵوز:**

١- ناکرێت پێنووسی خەڵوز وەکو هەر پێنووسێکی تر هەڵبگرین، چونکە بەکارهێنانی پێنووسی ئاسایی وا دەخوازێت دەستت بە تەواوەتی لەسەر ئەو کاغەزە بێت کە وێنەی لە سەر دەکێشیت، بە پێچەوانەی پێنووسی خەڵووز، ئەمەش وادەکات ئەگەر لەکاتی وێنەکێشان بە پێنووسی خەڵووز دەستت بەو هێڵکارییە بکەوێت کە

دەیکێشیت و لە ئاکامدا هێڵکارییەکەت تێک بچێت بە بڵاو بوونەوەی خەڵووزەکە.

٢- نابێت لەکاتی هەڵگرتنی پێنووسی خەڵووز فشارێکی زۆر بخەینە سەر پەنجەکانمان، بە پێچەوانەی پەرەمووچی وێنەکێشان، پێویستە خەڵووزەکە بە سەری پەنجەکانمان و پەنجەی ناوەڕاست و پەنجەی گەورەمان بیگرین، بە چەشنێک لارییەکەی کەمتر بێت لە لاری پێنووسی ئاسایی. هەروەها پێویستە بەشی زۆری پێنووسە خەڵووزەکە لە دەرەوە بێت و بەشە کەمەکەی لە ناوەوە بێت.

بۆ ئەوەی وێنەکە بە شێوەیەکی جوان و ناوازە دەرکەوێت، واباشترە وێنە لە سەر پارچە کاغەزێکی گەورە بکێشین، نەک پارچەی بچووک، چونکە بە پێنووسی خەڵووز وردەکارییەکانی وێنە لە سەر کاغەزی بچووک دەرناچێت.

## وێنە بە پێنووسی خەڵووز



### وێنەکێشان بە ڕەنگی پاستیل:

پێنووسی پاستیل لە کەرەستەی تەباشیر و ڕەنگی ڕۆنی پێکهاتووە، کەرەستەیەکی زۆر نەرم و نیانە، بریقەی هەیە و خۆڕاگرە.

وێنە بە ڕەنگی پاستیل



### وێنەکێشان بە ڕەنگی ئاوی:

ئەم کەرەستەیە تایبەتمەندییێکی هەیە ئەویش وشک بوونی ڕەنگەکەیەتی بە خێرایی، بەکاردێت بە تێکەڵکردنی لەگەڵ بڕێک ئاودا، بە چەشنێک ڕەنگەکان ڕوونی و شەفافیەتی خۆیان لەدەست نەدەن. ئاو تەنها بۆ شلکردنەوە و کاڵکردنەوەی ڕەنگە ئاوییەکە بەکاردێت. ڕەنگە ئاوییەکان بە پەڕەمووچی نەرم بەکاردەهێندرێن، ئەمەش وا دەکات هونەرمەند بتوانێت زۆر بە باشی گوزارشت لە

هەست و نستی خۆی بکات و ئەو بیرۆکەیەی کە لە ناو مێشکییەتی بە ئاسانی بیخاتە چوارچێوەی وێنەکەی. ئەمەو پێویستە ڕەچاوی جۆری ئەو کاغەزە بکرێ کە بۆ وێنەکێشانی ئاوی بەکار دێت، بە چەشنێک دەبێت لەگەڵ جۆری ڕەنگە ئاوییەکە بگونجێت.

**ڕەنگە ئاویەکانیش دوو جۆریان هەیە:**

١- ڕەنگە ئاوییە ڕوونەکان: کە بریتین لە ڕەنگی ئاوی وشک و شل، ڕەنگە ئاوییە وشکەکان، بە شێوەی لاکێشە یان بازنەیی دەکرێن، بە پەڕەمووچی نەرم دوای شلکردنەوەیان بە ئاو بەکار دێن.

جۆرێکی تریشیان بریتیە لە ڕەنگی ئاوی شل، لە ناو تیوپی بچووکدان و بە ئاو سووک دەکرێن، ئەم ڕەنگانە ڕوون و پاکن و تەکنیکی تایبەتیان دەوێت لە کاتی کارکردن کە دەستپێک دەبێت بە ڕەنگی کاڵ دەست پێ دەکات و پێویستی بە پەڕەمووچی نەرمە بۆ بەکارهێنانی، دەشتوانین بە پارچەیەک ئیسفەنج یان تەپەدۆر بەکاری بێنین بۆ دەرخستنی کاریگەری ڕەنگێک.

## وێنە بە ڕەنگی ئاوی






٢- ڕەنگە ئاویە خەستەکان (پۆستەر): ئەم ڕەنگانە تاریک و ڕوون نین، پێکهاتەیەکی خەستی دیاریکراوی هەیە، کە دەتوانین لە سەر ڕووبەرێکی ڕەنگاو ڕنگ یان سپی دایبپۆشن، فلچەی بەکارهاتوو بۆ ئەم ڕەنگانە مووی نەرم کە کۆتاییەکەی پان بێت، ئەم ڕەنگانە بۆ بابەتی (اعلان) و زەخرەفە و بیرۆکەی سیاسی بەکار دێت، پێویستە بە هەنگاو بکرێت، کە چاوەڕێی وشک بوونی چینێک بکرێت و دانانی چینێکی تر، چونکە ئەم ڕەنگانە خەستن، ڕێگە دەدات بۆ

چارەسەرکردنی هەڵەکان، بە پێچەوانەی ڕەنگە ئاوییە ڕوونەکان کە ناتوانین هەڵەکان چاک بکەینەوە.

## وێنە بە ڕەنگی پۆستەر






٣- ڕەنگی ئەکریلیک: ڕەنگی ئەکریلیک بە ئینگلیزی پێی دەڵێن (Acrylic paint) لە ڕەنگی ئاوی نزیکە چونکە لە ناو ئاو دەتوێتەوە، هەروەها بە ڕەنگی ڕۆنیش دەچێت چونکە دوای وشک بوونەوەی وەکو ئەو جێگیر دەبێت و بە ڕەونەق دەبێت.

گرنگترین خەسڵەتی ئەم ڕەنگانە ئەوەیە کە جێگیرە و بەرگەی ئاو و کەشوهەوا دەگرێت و هەرچەندە ناوەندەکەی ئاوە و سووک دەکرێت بە ئاو، بەڵام پاش وشک بوونی جێگیر دەبێت. چونکە زوو وشک دەبێت بۆیە پێویستە یەکسەر بەکاربهێندرێت، لەبەر ئەوە هونەرمەند بڕی ڕەنگی بەکارهاتوو دیاری دەکات چونکە هەر وشک بوو بێ سوود

دەبێت. پاش بەکارهێنانی ئەم ڕەنگە پێویستە زوو فلچەکە بشورێت دەنا پێیەوە وشک دەبێت و تێکی دەدات.

شایەنی ئاماژەبۆکردنە، ڕەنگی ئەکریلیک جیاوازی لەگەڵ ڕەنگی ڕۆنی هەیە، لە جیاتی تەربەنتین بە ئاو شل دەکرێتەوە و لە ماوەی کەمتر لە دە خولەک وشک دەبێتەوە، ئەمەش وای کردووە کە هونەرمەندان لە جیاتی ڕەنگی ڕۆنی ئەم جۆرە ڕەنگە لە سەر پارچە قوماش بەکار بهێنن.

## وێنە بە ڕەنگی ئەکریلیک





٤- ڕەنگی زەیتی: ڕەنگی زەیتی پێکهاتووە لە پۆدرەی ڕەنگاوڕەنگ کە لەگەڵ ڕۆن تێکەڵ کراوەو هەویرێکی ڕۆنی لێ دروست بووە. ئەمجۆرە کەرەستەیەش لە ڕەنگی سروشتی و ڕەنگی کیمیاوی دروست دەکرێت، سێ ڕەنگی سەرەکی هەیە کە بریتین لە ڕەنگەکانی سۆر و زەرد و شین، لەگەڵ هەندێک ڕەنگی لاوەکی کە دەکرێت لەگەڵ تێکەڵکردنیان لەگەڵ ڕەنگەکانی تر ئامادە بکرێن. بۆ نموونە دەتوانین ڕەنگی سەوز بە تێکەڵکردنی ڕەنگی شین و زەرد وەدەست بهێنین. هەروەها بۆ کاڵکردنەوەی ڕەنگەکان، هەندێک ڕەنگی سپی تێکەڵ دەکەین.

شایەنی ئاماژەبۆکردنە، ڕەنگی ڕۆنی لە ڕێگەی بەکارهێنانی فلچەوە بەکار دێت، پێویستە بۆ هەر ڕەنگێک فلچەیەکی تایبەت بەکاربهێندرێت، تا ڕەنگەکان بە خاوێنی بمێننەوە و تێکەڵ بە یەکتری نەبن. پێویستە ئەو فلچەیەی بەکاردێت، نە زۆر نەرم بێت وە نە زۆر

ڕەقیش بێت، لە تووکی سمۆرە یان تووکی کلکی وشتر دروست دەکرێت و زۆر جۆر و بە قەوارەی گچکە و گەورە بە دەست دەکەوێت واتە فرچەی پان و باریک بەم شێوەیە. هەروەها دەکرێ لەجیاتی بەکارهێنانی فلچە چەقۆ بەکاربێنین بۆ هەڵگرتن و بەکارهێنانی ڕەنگەکان.

هەروەها ڕەنگی ڕۆنی لەسەر هەموو جۆرە کاغەزێک بەکار ناهێندرێت بەڵکو پێویستە ئەو وەرەقەیەی بۆ وێنەی ڕەنگی ڕۆنی بەکاردێت، ئەستوور بێت و بەرگەی ڕەنگی ڕۆنی بگرێتکە پێی دەوترێت تابلۆی کانسۆن و بە هەموو قەوارەیەک دەست دەکەوێت، هەروەها دەکرێ لە ڕێگەی تەحزیرکردنی قوماشی خام بە غەرڕە ئامادە بکرێت. ئەمەو پێویستە ستاندی تەختەمان هەبێت تا وێنەکەی لەسەر دروست بکەین.

**وێنە بە ڕەنگی ڕۆنی**





**کەرەستەی سیرامیك:**

هەویری سیرامیک جۆرێکە لەو کەرەستانەی کە لە کاری دەستی و پیشەوەرییەکان بەکاردەهێندرێت. هەویری سیرامیک بۆ زۆر مەبەست بەکار دێت، بۆ وێنەی گوڵ و ڕووەکەکان بە هەموو جۆرەکانی و هەروەها بۆ دروستکردنی شەربە و کوپەو گۆزە و قاپ و قاچاغ و شتی تر، زیاتریش ئەم کەرەستانە بۆ جوانی دروست دەکرێن نەوەک بۆ بەکارهێنانی چێشت، چونکە هەویری سیرامیک هەندێک کەرەستەی کیمیاوی زیانبەخشی تیایەو زیان بە تەندروستی مرۆڤ دەگەیەنێت.

هەویری سیرامیک لە نیشاستە و (غراو الخشب) و ئاوی لیمۆ و کرێمی فازلین و هەر جۆرە کرێمێکی شێداری تر دروست دەکرێت، بە گوێرە پێویستی و بە ڕێژەی دیاریکراو بە پێی بڕی ئەو هەویرەی کە پێویستمان پێیەتی.

هەروەها بۆ دروستکردنی گۆسگەو کەرەستەکانی تر لە قوڕی سوور کراوە، بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت: فوخار لە قوڕێکی ئامادەکراو نەرم و نیان کە بۆ ماوەیەک لە ناو تەشتێک خەڵدەگیرێت تا لینج بێت ئەوسا بەکار دەهێندرێت.پێش ئەوەی بخرێتە ناو فڕنی پێویستە وشک بکرێتەوە. دوای ئەوەی وشک دەبێتەوە دەخرێتە ناو فڕنی و سوور دەکرێتەوە ئینجا دەردەهێندرێت و بەکاردێت.

**نموونەیەک لە سیرامیک**






## پەیکەرتاشین:

پەیکەتاشین جۆرێکە لە جۆرەکانی هونەری شێوەکاری، لە بەرد و دار و کانزاکانی تر و خەزەف و کەرەستەی تر دروست دەکرێت. لە (٤٥٠٠) ساڵ پێشی زایینەوە هەبووە، لە سەدەکانی نوێ گۆڕانکاری بە سەر دا هات و لە زۆر کەرەستەی نوێ دروست کران کە پێشتر لێی دروست نەکرابوون، بۆ نموونە دروستکردنی لە شووشە.

پەیکەرتاشین هونەرێکی بەرجەستەییەو پشت دەبەستێت بە ئەو بەرجەستانەی کە لە سێ ڕووەوە دەبینرێن (مجسمات پلاپیە الابعاد) وەک مرۆڤ و ئاژەڵ و وێنە بێ گیانەکان (اشکال تجریدیە). دەکرێت بە بەکارهێنانی گەچ و مووم یان هەڵکۆڵینی بەرد و دار دروست بکرێت. بێ لە پەیکەری موجەسەم و پلاپی الابعاد، چەند جۆرێک پەیکەرمان هەیە کە لەسەر تابلۆکان دروست دەکرێن، بریتین لە پەیکەری (بارز و غائر و نحت بارز مجسم).

## ئەو کەرەستانەی کە لە پەیکەرتاشین بەکاردێن:

**تە ختە:** تەختەبە کۆنترین کەرەستە دادەندرێت کە بۆ دروستکردنی پەیکەری خوداوەندەکان (الآلهە) بەکار هاتووە. ئەم کەرەستەیە بۆ پەیکەری بچوک دواتریش بۆ پەیکەری گەورە بەکارهاتووە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی تەختە بۆ دروستکردنی پەیکەری گەورە بەکارناهێندرێت چونکە ڕیشاڵی زۆرە و خوار و خێچیشە، مەگەر


خۆشبکرێت و بە کەرەستەی زێڕ و زیز یان هەر کەرەستەیەکی تر داپۆشرێت.

برۆنز: لە کۆندا ماددەی برۆنزیان لە ڕێگەی تواندنەوەی و لە قالب دانەوەی بۆ دروستکردنی پەیکەرەکانیان بەکارهێناوە. لە سەدەی پێنجەمدا ماددەی برۆنزیان بۆ دروستکردنی پەیکەری خوداوەندەکانیان بەکارهێناوە.

**زێڕ و عاج:** مێژووی بەکارهێنانی زێڕ و عاج زۆر کۆن نییەو دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی نوێ، بەڵام لە ئێستادا ماددەی برۆنز جێگای زێڕ و عاجی گرتۆتەوە.

بەردی مەڕمەڕ یان حەلان: بەراورد بە کەرەستەکانی تر بەرد کەرەستەیەکی زۆر ڕەقە و تەمەنیشی زۆر درێژە، ئەو پەیکەرەی لە تەختە دروست کراوە زوو لەناو دەچێت، هەروەها ئەو پەیکرانەش کە لە زێڕ و زیز یان عاج دروست دەکرێن، دزەکان چاویان دەخەنە سەر و هەڵی دزینیان دەدەنن بۆیە بەرد باشترین کەرەستەیە بۆ دروستکردنی پەیکەر. میسریە کۆنەکان بەردی غرانتینی و بازلتییان بۆ دروستکردنی پەیکەرەکان بەکار دەهێنا، بەڵام یۆنانییەکان پشتییان بە بەردی مەڕ مەڕ بەست بۆ دروستکردنی پەیکەرەکانیان چونکە لە یۆنان بەردی مەڕ مەڕی زۆری لێیە و دواتر یەکێک لە خەسڵەتەکانی بەردی مەڕ مەڕ ئەوەیە بریقەی هەیە و خۆڕاگریشە بەرامبەر کەشوهەوا.

## نموونەی پەیکەری داتاشراو لە بەرد





**سەرچاوەکان:**

١-مامۆستا ئەحمەد زەهاوی: تەکنیک و کەرەستە لە هونەری وێنەکێشان ، وانە بە پاوەر پۆینت، ساڵی خوێندنی ٢٠٢٠/٢٠١٩، زانکۆی سەلاحەددین/ کۆلێژی هونەر.

٢-مامۆستا پەیمان عباس اسماعیل: تیۆری هێڵکاری، وانە بە پاوەر پۆینت، ساڵی خوێندنی ٢٠٢٠/٢٠١٩، زانکۆی سەلاحەددین/ کۆلێژی هونەر.

https;ar.m.wikipedia.org-٣

٤-دکتور تغرید شعبان: فن النحت في العصر القديم.

٥-نذيرات الزيات : فن النحت، منشورات مؤسسة الشبيبه للاعلام والطباعة والنشر، الطبعة الثانية، سنة ٢٠٠٠، دمشق.

https://www.eskchat.com/article-3298.html
6-فن الرسم وأنواع الخامات:

# پێنووسی خەڵوز

**مێژووی خەڵووز:**

مێژووی خەڵوز دەگەڕێتەوە بۆ ئەوکاتەی کە مرۆڤی کۆن ئاگری دۆزیوەتەوە و بەکاریهێناوە لە سەر دیواری ئەشکەوتەکان، مەبەستەمان لە سەردەمی چاخی بەردینە. مرۆڤەکان لەو سەردەمەدا وێنەیان دەکێشا بە کەرستەی سادە و بە شێوەیەکی زۆر سادە و ساکار، چونکە ژیانی ئەو سای مرۆڤایەتی زۆر سادە بوو. زۆرجار ئەو کەرەستانە کە بەکاریان هێناوە، لە ژیانی ڕۆژانەیاندا کاتێک داریان بۆ خۆگەرم کردنەو و چێشتلێنان سووتاندووە، پاشماوەی ئەو دارەیان بۆ وێنە کێشانی ئاژەڵ لە سەر دیواری ئەو ئەشکەوتانە بەکار هێناوە کە لە ناویدا دەژیان. کەواتە مێژووی خەڵووز دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی چاخی بەردین. بۆیە خەڵووز بە کۆنترین ئامرازی وێنەکێشان دادەندرێت، وە هەروەها لە سەردەمی ڕێنساس بە فراوانی بەکارهاتووە، بەڵام زۆر کەم لە کارە هونەرییەکان ماونەتەوە(مامۆستا پەیمان عباس اسماعیل: تیۆری هێڵکاری، وانە بە پاوەر پۆینت، ساڵی خوێندنی ٢٠١٩/٢٠٢٠، زانکۆی سەلاحەددین/ کۆلێژی هونەر).

شایەنی ئاماژەبۆکردنە، بە زۆری ڕەژوو لە داری (الصفصاف) دروست دەکرێت و ڕەنگەکانی جۆراو جۆرن لە ڕەشێکی زۆر تاریک تا دەگاتە خۆڵەمێشییێکی نزیک لە سپی، و بە باشترین ئامرازی وێنەکێشان دادەندرێت.

**پێناسەی پێنووسی خەڵووز:**

پێنووسی خەڵووز ئامرازێکە لە چەند پارچەیەکی بازنەیی یان چوارگۆشەیی پێک دێت، بۆ وێنەکێشانی هێڵکاریی لەسەر کاغەز بەکار دەهێندرێت، کەرەستەی سەرەکی لە پێنووسی ڕەژوو خودی ڕەژووە، عادەتەن  بە کەرەستەیەکی دار یان پلاستیک دەپێچرێتەوە، وێنەکێشان بە ڕەژوو زۆر ئاسانە و بە مساحە ڕەش نابێتەوە و دووبارەش دەسکاری ناکرێتەوە.

پێنووسی خەڵووز بۆ وێنەکێشانی کەسەکان بە شێوەیەکی ناوازە بەکاردەهێندرێت، لە ئێستادا زۆربەی وڵاتانی جیهان بۆ کارە هونەرییەکان بەرهەمی دەهێنن، لەوانە وڵاتی ئەڵمانیا، کە پێنووسی خەڵووزی زۆر باش بەرهەم دەهێنێت، کە دەکرێ بۆ چەند تۆنێک بەکاربهێندرێت، لە تۆنی ڕەشی تاریک تا دەگاتە تۆنی ڕەشی کاڵ کە زۆر نزیک بێت لە ڕەنگی سپی(https;ar.m.wikipedia.org).

**چۆنێتی بەکارهێنانی پێنووسی خەڵووز:**

پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەین لە چۆنێتی بەکارهێنانی پێنووسی خەڵووز:

١-	ناكرێت پێنووسی خەڵووز وەکو هەر پێنووسێکی تر هەڵبگرین، چونکە بەکارهێنانی پێنووسی ئاسایی وا دەخوازێت دەستت بە تەواوەتی لەسەر ئەو کاغەزە بێت کە وێنەی لە سەر دەکێشیت، بە پێچەوانەی پێنووسی خەڵووز، ئەمەش وادەکات ئەگەر لەکاتی وێنەکێشان بە پێنووسی خەڵووز دەستت بەو هێڵکارییە بکەوێت کە دەیکێشیت و لە ئاکامدا هێڵکارییەکەت تێک بچێت بە بڵاو بوونەوەی خەڵووزەکە.

٢-	نابێت لەکاتی هەڵگرتنی پێنووسی خەڵووز فشارێکی زۆر بخەینە سەر پەنجەکانمان، بە پێچەوانەی پەڕەمووچی وێنەکێشان، پێویستە خەڵووزەکە بە سەری پەنجەکانمان و پەنجەی ناوەڕاست و پەنجەی گەورەمان بیگرین، بە چەشنێک لارییەکەی کەمتر بێت لە لاری پێنووسی ئاسایی. هەروەها پێویستە بەشی زۆری پێنووسە خەڵووزەکە لە دەرەوە بێت و بەشە کەمەکەی لە ناوەوە بێت.

٣-	بۆ ئەوەی وێنەکە بە شێوەیەکی جوان و ناوازە دەرکەوێت، واباشترە وێنە لە سەر پارچە کاغەزێکی گەورە بکێشین، نەک پارچەی بچووک، چونکە بە پێنووسی خەڵووز وردەکارییەکانی وێنە لە سەر کاغەزی بچووک دەرناچێت(https;ar.m.wikipedia.org).

## داهێنان بە ڕەژوو:

وێنە لە بنەڕەتدا گوزارشتکردنە لە شتێک، جا ئەو شتەی بۆ گوزارشتکردن بەکاردەهێندرێت پێنووس بێت یان پەڕەمووچ جا چ بە شێوەیەکی ئاسایی یان عەشوائی بەکاری بێنین. ڕەژووش خۆی لە خۆیدا زۆر جۆری هەیە، هەندێکیان ڕەقن، هەندێکی تریشیان مام ناوەندین، ئەوانی تریش نەرم و نیانن، بە پێی شێوەی ئەو ڕووەکەی ڕەژووەکەی لێ دروست بووە دەگۆڕێت، مەبەستمان ڕەقی و نەرمییەکەیەتی. هەروەها جۆرێکی تریشی هەیە کە دەسکردەو ئەویش دوو جۆرە، ڕەق و نەرم.

جیاوازییێکی زۆریش هەیە لە نێوان ڕەژووی سروشتی و پێنووسی ڕەژوو، چونکە ڕەژووی سروشتی بە خێرایی لەناو دەچێت بەڵام پێنووسی ڕەژوو شوێنەوارەکەی دەمێنێتەوە و لەناو ناچێت، لە ڕەژوو پتەوتر و خۆڕاگرترە(ریهام سمیر: https://www.almrsal.com/).

## شوێنی ڕەژوو لە هونەردا:

هونەری ڕەژوو جۆرێکە لە جۆرەکانی هونەری وشک، کە لە کەرەستەی ئۆرگانیکی نەرم و نیان دروست کراوە، کە لە ڕێگەی دەستبەسەرداگرتنی ئۆکسجین لە دارەکان لە ڕێگەی سوتاندنیان بەرهەم دەهێندرێن. بە زۆری ڕەژوو لەلایەن هونەرمەندانەوە بەکار دەهێندرێت، بە هۆی ئەو تایبەتمەندییانەی کە هەیەتی. ڕەژوو لە

زۆربەی کاتەکاندا، ئامرازێکی سەرەکی بووە بۆ وێنەکێشان، بە تایبەتی ئەو وێنانەی کە بیست و هەشت هەزار ساڵ پێش ئێستا لەسەر دیواری ئەشکەوتەکاندا کێشراون. یەکێک لەو وێنانە، وێنەی گوێ درێژێکی وەحشییە لە ئەشکەوتی (ئەبولۆ) لە وڵاتی نامیبیا دۆزرایەوە.

لە سەردەمی نەهزە، هونەرمەندەکان ڕەژوویان بە شێوەیەکی فراوان بەکار دەهێنا، بەڵام بەشێکی کەم لەو تابلۆیانەی بە ڕەژوو دروستکرابوون، لە فەوتان ڕزگاریان بوو، بەهۆی پەرتبوونی ڕەژووەکەیانەوە بەسەر ئەو پارچە قوماشەی کە لە سەریدا دروست کرابوو.

لە کۆتایی سەدەی پانزە ئەو وێنانەی کە بە ڕەژوو دروست دەکران بە کەرەستەیەکی لینج دادەپۆشران تاکو خەڵووزەکەیان پەرت و بڵاو نەبێتەوە(https;www.hisour.com-ar.charcoal-in-art).

**وێنەکردن بە ڕژوو:**


وێنەکێشان جۆرێکە لە هونەرە ناوازەکانی ئەفراندن، کە گوزارشت لە کەسایەتی هونەرمەند دەکات، هەروەها ڕادەی بەهرەمەندییەکەی دیار دەکات، هەر هونەرمەندێکیش ستایلی خۆی هەیە بۆ وێنەکێشان و داهێنان. کۆمەڵێک شێواز و کەرەستە هەن کە بە پێی ئارەزووی هونەرمەند بەکار دەهێندرێن، هەندێکیان زیاتر بایەخ بە وێنەکێشان بە ڕەنگی ڕۆنی یان ئاوی دەدەن، یان ڕەنگە دارییەکان، بەڵام گرنگترینی

ئەو کەرەستانەی کە لە وێنەکێشاندا بەکاردێن، پێنووسی ڕەژوو و قەڵەمی ڕەساسە.

هەموو مرۆڤێک دەتوانێت فێری وێنەکێشان بێت بە ڕەژوو، بەڵام بەهرەمەندی و باوەڕ بە خۆبوون پێویستە بۆ سەرکەوتن و داهێنان، زۆر بنکەی هونەری و قوتابخانە هەن بۆ فێرکردنی هونەر لە سەر بنەماو بەرنامەیەکی تەندروست، بە چەشنێک لە ئێستادا لە گشت زانکۆکان لە میانی هونەرەجواەکان دەخوێندرێت و قوتابیان دەتوانن پەیوەندییان پێوە بکەن بۆ وەدەستهێنانی بڕوانامەی زانکۆیی لەو بوارەدا(بە پێنووسی عائشە اسامە: http;mawd003.com).

**هەندێ نموونە لە هێلکاریی خەڵووزی:**






لە کۆتاییدا گەیشتینە ئەو ئاکامەی کە وێڕای ئەوەی مێژووی بەکارهێنالنی خەڵووز بۆ وێنکێشان دەگەڕێتەوە بۆ چاخی بەردین و هەزارات ساڵ پێش زایینی، بەڵام تاکو ئێستاش بایەخی خۆی لە دەست نەداوە و بە یەکێک لە باشترینی ئەو کەرەستانە دادەندرێت کە لە لایەن هونەرمەندانەوە بۆ وێنەکێشان بەکار دێت.

**سەرچاوەکان:**

مامۆستا پەیمان عباس اسماعیل: تیۆری هێڵکاری، وانە بە پاوەر پۆینت، ساڵی خوێندنی ٢٠٢٠/٢٠١٩، زانکۆی سەلاحەددین/ کۆلێژی هونەر).

https;ar.m.wikipedia.org

https;ar.m.wikipedia.org

https://www.almrsal.com

https;www.hisour.com-ar.charcoal-in-art

به پێنووسی عائشة اسامة: http;mawd003.co

## بنەماو ڕەگەزەکانی دیزاین

دیزاین بریتییە لە عەمەلییەی کۆکردنەوەی ڕەگەزەکان، لەگەڵ ئامادەکردنی هەموو ئەو پێداویستییانەی کە ئەو ڕەگەزانە پێیان دەوێن، هەروەها پێوانە و تەعدیلکردن، بە پشتبەستن بە بیرۆکە و شارەزایی کەسی، بۆ بەرهەمهێنانی شتێکی نوێ و جیاواز، بەمەش دیزاینەر ئامانجەکەی لە دیزاین دەپێکێ.

**شایەنی ئاماژەبۆکردنە، لە ئێستادا دیزاین بۆتە یەکێک لە کاروبارە گرینگەکان لە ژیانماندا، لە زۆر بواردا ئیشمان پێی دەبێت، بۆیە لەم ڕاپۆرتەدا باسی گرنگترین بنەما و ڕەگەزەکانی دیزاین دەکەین.**



**بنەماو ڕەگەزەکانی دیزاین:**

بنەماو ڕەگەزەکانی دیزاین بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە هاوسەنگی و جوولە و ئیقاع دەبەستێ، ئەمانەی کە ئاماژەمان پێ کردنن بەکاروباری سەرەکی دادەندرێن کە دەبێ دیزاینەر لەکاتی دیزاینکردندا ڕەچاویان بکات. ئەم بنەماو ڕەگەزانەش ئەمانەی خوارەوەن:

**نوقتە:**

نوقتە بریتییە لە خاڵێکی بچووک لە ناو بۆشاییێکی دیاریکراو، درێژی و پانی و قوڵایی نیە، بە گرنگترین ڕەگەز دادەندرێت لە ڕەگەزەکانی دیزاین و لە سەرەتای کێشانی وێنە یان شێوەکە لەسەر ڕووبەری ئەو پارچە کاغەز یان قوماش یان هەرشتێکی تر کە دیزاینەکەی لەسەر دەکرێت، دەسنیشان دەکرێت، دیزاینەرکاران بۆ نیشانەکرد و بەیەک گەیاندنیان بەکاریان دەهێنن.

**هێڵ:**

هێڵ بریتییە لە دەرئەنجامی جووڵە پێکردنی خاڵێک لە مەسارێکی دیاریکراو، ئەو مەسافەیەیە کە دوو خاڵ بەیەک دەگەیەنێت. هێڵیش زۆر جۆری هەیە، لەوانە:


هێڵی ئاسۆیی: بەوە لە هێڵەکانی تر جیا دەکرێتەوە کە جوڵەیەکی ستوونی هەیە.

هێڵی ستوونی: بەخێرایی جووڵەکەی لە هێڵەکانی تر جیا دەکرێتەوە.

هێڵی شەپۆڵدار (الخگ المتموج): ئەم جۆرە هێڵە بەوە لە هێڵەکانی تر جیا دەکرێتەوە کە جووڵەی لە سەر خۆیە.


هێڵی چەماوە: ئەم جۆرە هێڵەش بەوە لە هێڵەکانی تر جیا دەکرێتەوە کە جووڵەیەکی بازنەیی هەیە و بۆ گوزارشتکردن لە بازنە و خانەکان بەکار دێت.

هێڵی شکاوە (الخگ المنکسر): بە مانای هێز و توندو تیژی دێت.



شێوە: بریتیە لە کۆبوونەوەی کۆمەڵێک هێڵ و بەیەکگەیشتنیان بۆ دروستکردنی شێوەیەکی دیاریکراو، لە خوارەوە، وەک نموونە ئاماژە بە هەندێک جۆری ئەم شێوانە دەکەین:

**شێوەی ئەندازەیی:** بریتییە لە شێوەیەکی دیاریکراو، پێوانە و دووری و گۆشەی دیاریکراوی هەیە، وەک لاکێشە و سێگۆشە.



شێوەی نارێک: بریتییە لە کۆبوونەوەی کۆمەڵێک هێڵی ڕاست، لەگەڵ هەندێک هێڵی چەماوە، کە ئاماژە بە بوونی جووڵە دەکەن.

شێوەی عضوی (الشكل العضوي): ئەم شێوەیە لە کۆمەڵێک هێڵی چەماوە بە شێوەیەکی بازنەیی پێک دێت.

شێوەی تلقائی: ئەم شێوەیە لە تێکەڵکردنی کۆمەڵێک ڕەنگ بە شێوەیەکی تلقائی لەگەڵ یەکتری، پێک دێت.

**ڕەنگ:**

رشەنگ جوانی و بەرچاو ڕوونی بە شێوەکان دەبەخشێت.



نەرمی و زبری (الملمس): مەبەستمان لە نەرمی و زبریی ئەو پانتاییانەیە کە کاری دیزایینیان لە سەر دەکرێت، بۆ نموونە پانتایی نەرم یان پانتایی زبر، وەندێک پانتاییش هەن نەقشییان لەسەر کراوە.

بۆشایی: بریتییە لەو شوێنە بەتاڵەی کە لە ناو دیزایینەکەدا هەیە، پێویستە باگراوندێکی گونجاو بۆ دیزایینەکە دابنێین.


**بوارەکانی دیزاین(مجالات التصميم):**

زۆر بوار هەن، دیزاینەر دەتوانێ دیزایینی تیا بکات، دیارترینیان ئەم بوارانە خوارەوەن:

دیزایینی هونەری و گرافیک: بریتییە لە بیرۆکەیەکی داهێنەرانە، دیزاینەرێک یان کۆمەڵێک دیزاینەر بە یەکەوە لە سەر داوای مەعمیلەکانیان یان زەبوونەکانیان کاری لە سەر دەکەن.



**دیزایینی ئەندازەیی:** ئەم جۆرە دیزایینە دوای ڕێککەوتن لە سەر شێوە و ناو و قەوارەو مەزهەرەکەی دروست دەکرێت، ئامانجی سەرەکی لە دیزایینی ئەندازەیی دەستەبەرکردنی زانیاریی سەرەتاییە، کە بە دەوری خۆی یارمەتی دەر دەبێت بۆ بەرهەمهێنانی ئەو پێکهاتەیە.






ئەمەو هەندێک جۆری تری دیزایین هەن، لەوانە دیزایینی دیکۆری ماڵەوە و نووسینگەکان، و دیزایینی جل و بەرگ و دیزایینی بەرنامە و پرۆگرامەکان.







به کورتی ئەو ڕەگەزانەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێ دان، پێویستە دیزاینەر بیانزانێت، بە چاوخشاندن بەم ڕەگەزانە، دیزاینەر زیاتر بەرچاوی ڕوون دەبێت و دەستیشی کراوە تر دەبێت و دەتوانێت بە باشترین شێوە دیزایینەکەی بکات، بەڵام ئەمانەش هەموو شتێک نین، بەڵکو کۆمەڵێک پرەنسیپی تریش هەن، پێویستە دیزاینەر بیانزانێت.

**سەرچاوەکان:**


١- محمد فتحي: اسلوب التصميم و عناصره.

٢- https://academy.hsoub.com/

٣- https://e3arabi.com/

٤- https://mawdoo3.com/

٥- https://ar.wikipedia.org/

# هونەرمەندی شێوەکاری سریالی فەریدە کاهلۆ

هونەرمەندی سریالی فەریدە کاهلۆ (Frida kahlo) باوکی فەریدا پەناهەندەیەکی ئەڵمانی بوو، دایکیشی بە ڕەچەک مەکسیکی بوو، لە ساڵی ١٩٢٥ لە ڕێگای گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە تووشی ڕووداوی پاس بووە، بە هۆیەوە ماوەی یەک ساڵ لە سەر پشت ڕاکشاوە.

لە ڕێکەوتی ٩/تەموز/١٩٠٧ لە دایک بووە، لە ١٣/تەموز/١٩٥٤ لە تەمەنی ٤٧ ساڵیدا گیانی بە خاک سپاردووە. لە تەمەنی شەش ساڵیدا تووشی نەخۆشی ئفلیجبوون بووەو بەو هۆیەوە قاچی ڕاستی ئازاری پێ گەیشتووەو بۆتە کەم ئەندام، ئەمەش وای کردووە بۆ ماوەیەکی درێژ لە ژیانیدا تووشی خەمۆکی بێت. لە پەڕاوی بیرەوەرییەکانیدا نووسیویەتی: (ئاواتەخوازم دەرچوونم لە دونیادا چێژبەخش بێت، وە ئاواتەخوازم هەرگیز جارێکی تر بۆی نەگەڕێمەوە ).

فەریدا کاهلۆ لە ڕێکەوتی ٢١/ ئاب/١٩٢٩ لە تەمەنی بیست و دوو ساڵیدا هاوسەرگیریی لەگەڵ هونەرمەندی مەکسیکی دییغۆر ڕیفیرا کردووە کە لەو گەورە تر بووە، تەمەنی چل و دوو ساڵ بووە، ئەم هاوسەرگیرییە سەرکەوتوو نابێت چونکە ڕیفێرا لە گەڵی خراپ دەبێت و خیانەتی لێ دەکات، بۆیە لە ساڵی ١٩٣٩ لێی جیا دەبێتەوەو سەر لە

نویَ ژیانی هاوسەرگیری پێک ەهێنێتەوەو لە شاری سان فرانسیسکۆ نیشتەجێ دەبێت.




لە دەستەڕاست وێنەی (کاهلۆ) و ئەوانی تریش خوشکەکانییەتی (کرستینا، ماتیلد، ئەدریانا)

ساڵی ١٩١٦ ئەم وێنەیە لەلایەن باوکیانەوە گیراوە.

**هونەرمەند فەریدە کاهلۆ لەکاتی وێنەکێشاندا لە سەر تەختەی خەوتن لەکاتی نەخۆشیدا**



ئەم تابلۆیەی خوارەوە لە ساڵی ١٩٣٦ دروستی کردووە ئاماژە بە پەیوەندیی نێوان داپرەو باپیرانی بە کەلەپووری مەکسیکیەوە دەکات، بە شێوازی سوریالی بە ڕەنگی ڕۆنی دروستی کردووە. لەو تابلۆیەدا هونەرمەند وێنەی منداڵی خۆی کێشاوەو پەنجەکانی خستۆتە ناو دەمی و دەیانمژێت، وەک هێمایەک بۆ ئەوە کە دایکی بایەخی پێ نەداوەو بە تەنیا جێی هێشتووە، لەنێو ئەو تابلۆیەدا وێنەی چوار کەسایەتی دروست کردووە کە بریتین لە یەهودا و پەیکەرێکی گەورە کە هێمایە بۆ ڕۆژی گیانکێشان، هەروەها مرۆڤێک کە سواری گوێدرێژێک بووە، ئەمەش جۆرێکە لە ئاهەنگگێڕانی مەکسیکیەکان.



ئەمەی خوارەوە وێنەی پەیکەرێکی گەورەیە لە سەر تەختەی خەوتنەکەی بە خەبەرو تووڕەیە، ئەمەش هێمایەکە بۆ مردن، کە لەوانەیە هەر چرکەساتێکدا بێت، لە کاتێکدا فەریدە بە ئارامی لە سەر تەختەکەدا خەوتووە، لە ئاسماندا لە نێو هەورەکاندا دەخولێتەوەو هەندێک ڕووەکی سەوزیش لە سەر جەستەی ڕواوە وەک هێمایەک بۆ ژیانەوە و لە دایک بوونێکی تر.

## هونەری ستاند  گلاس گۆتیك

هونەری ستاند  گلاس گۆتیک لە سەردەمی گۆتیەکان لە ماوەی سەدەکانی ناوەڕاستی سەرەوەو درەنگ لە ئەوروپا (لە نێوان سەدەی ١٢

تا ١٦) گەشەی کرد و بایەخی پێدرا کە ئەمەش بەهۆی زۆری وێنەکێشان بوو لە سەر دیوار و پەردەکان و زۆری پەیکەر ئەمە بووە هۆی نەمانی شوێنێک بۆ وێنەکێشان و دروستکردنی وێنەکانیان لەسەر پەنجەرەکانی کڵێسا و بیناسازیەکان بۆ ڕەنگدانەوە و ڕازانەوەی تەلارسازیەکان.

ئەمەی خوارەوە نموونەیەکی ئەو شێوازەی هونەری ستاد گلاس گۆتیکە لە کاتدرائی نۆتردام دو باری لە سەدەی دوانزە

**نموونەی پەنجەرەکانی کڵێسای سانت تشابیل لە پاریس لە سەدەی شانزە**





## هونەری منداڵان:

منداڵ یەکەم خانەی کۆمەڵە و هیوای دوارۆژی گەلەکەیەتی، هەرچەندی بایەخ بە منداڵ بدرێت هەر کەمە و بایەخدان بە منداڵ بایەخدانە بە کۆمەڵ، ئەگەر منداڵ نەبێت، کۆمەڵیش نابێت و ڕەچەڵەکی دەبڕێتەوە.

ئەگەر بمانەوێ کۆمەڵێکی شۆڕشگێڕ و وریا و سەرکەوتوو بنیات بنێین، دەبێ لە پەروەردەکردنی منداڵەوە دەست پێ بکەین، ژیانی منداڵیش پڕە لە چالاکی هەمە چەشنە، جا ئەوەی مەبەستمانە باسی

بکەین، لایەنی نیگارکێشانە. ئەم لایەنەش بەشێکی گەورە و سەرەکی چالاکی منداڵانە.

منداڵ هیچ جوڵەیەک بەبێ مانا ناکات، بۆیە بچووکترین جوڵەی واتای شتێک دەدا بە دەستەوە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا نیشانەی پاکی و بێ گەردی منداڵە، جا بۆیە پێویستە بە هیچ شێوەیەک چاوی لێ نەپۆشین، چونکە منداڵ بە زۆر شێوە ڕازو نیازەکانی دەردەبڕێت.

نیگارکێشانیش یەکێکە لەو شێوازانە، کە بە هۆیەوە منداڵ ڕازەکانی دەگەیەنێتە باوک و دایک و کۆمەڵگاکەی، کاتێک کە منداڵ وێنەیەک دەکات، مەبەستی کات بەسەربردن نیە، بەڵکو مەبەستی دەربڕینی ئەو شتە پەنگخواردوەی ناو دەروونییەتی کە دەیەوێ لە ئێمەی بگەیەنێت، کەچی زمانی دەربڕینی نیە و ناتوانێ بە زمان یان بە نووسین تێمان بگەیەنێ و ناچارە کە پەنا بباتە بەر نەخشاندنی پارچە کاغەزێک و ڕاکێشانی چەند هێڵ و هێڵکارییەک، هەر ئەم هونەرەیە وا لە منداڵ دەکات کە لە چوارچێوەیەکی تەسکی بایەخ بە خۆدان دەرچێت و بچێتە ناو ژیانێکی فراوانەوە، واتە دەست بە چالاکی نواندنێکی سەربەخۆ بکات بە تەنیایی، هەروەکو هێڵکاری کردن.

کاتێک منداڵ بە تەواوی ڕوو دەکاتە هێلکاری و نەخشەکێشان لە سەر پارچە کاغەزێک، مەبەستی دەربڕینی نهێنیەکانی دەروونیەتی بۆ بینەران، وێنەکانی منداڵ تەنیا تێکشکاندنەوەی کەسایەتی منداڵ نیە، بەڵکو نموونەیەکی زیندووە بۆ حاڵەتی منداڵ، فام و دەرون و لەش، هەناسەی پێ دەدات لەکاتی واتا لێکداندا.

خوێندنی سایکۆلۆژی منداڵ ئەوەی بۆ دەرخستووین کە منداڵانیش هونەرێکی تایبەتیان هەیە، تایبەتە بە خۆیان و یاساو ڕێساو تایبەتمەندی خۆی هەیە، هەروەها پەیوەندی هەیە بە بنچینەی هونەری ڕاستەوە، کە هونەری کۆن و نوێی لە سەر بنیات نراوە.

## هۆیەکانی خولیابوونی منداڵ بۆ ئەم هونەرە:

شتێکی ڕوون و ئاشکرایە کە منداڵانیش وەکو ئێمە حەز بە درکاندنی ڕاز و نیازەکانیان دەکەن، تاکە وەسیلەش بۆ ئەم مەبەستە نیگارکێشانە. نیگارکێشان لە لای منداڵانەوە زیاتر بریتیە لە زمانن بۆیە دەبینین منداڵان پەنا دەبەنە بەر ئەم هونەرە، بە مەبەستی درکاندنی شتە شاراوەکانی دەروونیان لە قۆناغێکی دیاریکراوی تەمەنیاندا کە توانای قسەکردنیان نیە، کەچی دوا بە دوای ئەم بایەخ پێدانە زیاتر پەرە دەستێنێ تاکو وای لێ دێت دەگۆڕێت و لە مەبەستی درکاندن دەبێتە مبەستی هێنانەدی هونەرێکی جوان و قەشەنگ، جا هەر ئەمەش وا لە منداڵان دەکات کە ببنە چەند کۆمەڵێکن هەندێکیان لە تەمەنێکی دیاریکراودا واز لە نیگارکێشان دەهێنن و هەندێکی کەمیان بەردەوام دەبن و پەرە بە بەرهەمەکانیان دەدەن و هونەرمەندی ڕەسەنیان لێ دروست دەبێت، هەروەکو لە تەمەنی هەژدەساڵی بە سەرەوە ڕەچاو دەکرێ.

**ئارەزوو و پاڵپێوەنەرەکان لە لایەن منداڵەوە:**

واتە ئارەزووی منداڵ بۆ بابەتێکی دیاریکراو، هەروەک چۆن ئارەزووی یاری تۆپی پێدەکات و ئەم یاریە بە سەر گشت جۆرە یاریەکاندا دەسەپێنێ یان ئارەزووی گوێگرتن لە مامۆستایەک لە بابەتێکی خوێندنی دیاریکراو، وە حەزنەکردن بە گوێبیستنی مامۆستایەکی تر لە هەمان بابەت، دەتوانین گەشە بەم ئارەزووانە بدەین تاکو ببنە چەند ڕێبازێکی گشتی لە لایەن ئەندامەکانی کۆمەڵ لە دوارۆژدا.

ئەم جۆرە ئارەزووانە بە ئارەزووی دیار دادەندرێنن بۆیە پەروەردەکاران دەتوانن سوود لەمە وەربگرن بۆ دۆزینەوەی ئارەززوە شاراوەکان لە لایەن ئەندامەکانی کۆمەڵ، بە تایبەتی منداڵانن لەبەر ئەوەی ئارەزووی دیار بە یەکەم خاڵ دادەندرێت بۆ دۆزینەوەی زنجیرەیەک لە ئارەزووە شاراوەکان، لە بەر ئەوەی لە سەر شێوەی پاڵپێوەنەرن لە لایەن تاکەکانەوە بەرەو بابەتی دیاریکراو، بۆیە دەبێت ئەمە نەقۆزرێتەوە تا دوا ڕادە چونکە دەبێتە هۆی هەڵچوون و بێزاری لەو بابەتەدا، بۆیە دەبێ بە شێوەیەکی نەرم دەست بە سەر ئەمەدا بگیرێ وەکو پاڵپێوەنەرێک بەرەو مەبەستی دیاریکراو کە دەمانەوێ پێی بگەین، چونکە پاڵپێوەنەر هێزی ناوەوەیە کە بزوێنەری ئارەزوو و ڕەوشتە بەرەو بابەتی دیاریکراو.

توانای نیگارکێشانی منداڵ و پەیوەندی بە کەسایەتیەوە:

پێش هەموو شتێک گەشەکردنی کەسایەتی بریتیە لە کارلێکردنی شوێنەوار و پاشماوەکان، وە لە ئەنجامی ئەم کارلێکردنەدا کەسایەتی بەهێز دەبێت و گەشە دەکات و دروست دەبێت.

لە ئەنجامی کارلێکردنی تاکو ئەوەی کە هەیەتی لە پاشماوەی خۆڕسک لەگەڵ شوێنەوار بەتایبەتی شوێنەواری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری، منداڵ کە لە دایک دەبێت جۆرە ئامادەییێکی لەشی و دەروونی و مێشکی لەگەڵدایە، لەوانە پاڵپێوەنەرەکانی خۆڕسکی و زیرەکی و توانان پلەیەکی تایبەتی هەستیاری و کارلێکردنە.

**چالاکی منداڵ بێهوودەیی و تێکدان نیە:**

چاوخشاندن بە چالاکی منداڵان و لە سەر بنچینەی ئەوەی گوایە بێهوودەیی وەیان تێکدانە، پێویستە قەڵاچۆ بکرێت، تێڕوانینێکی دڵڕەقانەیەن بە پێچەوانەوە منداڵ هەرگیز مەبەستی ئەمانە نیە، بەڵکو خۆی لە شوێنەواردا تاقی دەکاتەوە. وە ئەم تاقیکردنەوەیە شارەزاییێکی یەک لە دوای یەکی پێ دەبەخشێت و توانای زیاد دەکات و هەڵسوکەوتی لە ژیاندا چاک دەکات. هونەری منداڵان لۆژیکێکی تایبەتی خۆی هەیە، کە جیاوازە لەو لۆژیکەی ئێمە پێوە ڕاهاتووین، وە ئێمە دەڵێین لۆژیکێکی ڕەمزیە و ڕەمزیش جیاوازە لە واقیعیەت.

کاتێ منداڵ دارقامیشێک دەخاتە نێو هەردوو ڕانەکانی و بە ئەسپ دەینوێنێ، ئەمە وا لە منداڵ دەکات کە لە ژیانێکی ڕەمزی و خەیاڵدا بژی، کە دوورە لە واقیع، وە ڕەمزییەتیش لە هونەری منداڵاندا واتا بەکارهێنانی شێوەی ساکار، کە کورتکراوەی بیری دیاریکراوە. کەچی هیچ نزیکییەکی دیار لە نێوانیاندا بەدی ناکرێتن بەڵام دەتوانین بیناسینەوە.

**منداڵ و ۆڕانی بەردەوام:**

منداڵ لە گۆڕانێکی بەردەوام دایە بۆ پەرەپێدانی هونەرەکەی. بۆیە دەبینین وێنەکانی منداڵ ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گۆڕانیان بە سەردا دێتن زۆر شت هەیە کە لە وێنەکانی پێشووی دا نەبووە، کەچی لە وێنەکانی دواییدا دەردەکەوێن بۆیە ئەم کەموکوڕیەی کە هەیە بەرە بەرە قەڵاۆ دەکرێت لە لایەن منداڵەوەن هەروەها زۆر شت هەن کاتێ کە لە ناو وێنەیەکدا دووپات دەکرێنەوەبێ گۆڕانکاری نین و نایانبینیەوە.

کەواتە گومان لەوەدا نیە کە منداڵ لە سەر جۆرە بابەتێک و شێوەیەک نامێنێتەوە. بۆ ئەم مەبەستە (لۆکیە) ی زانا لێکۆڵینەوەیەکی بڵاو کردەوە و گەیشتۆتە ئەم ئەنجامە، منیش لەکاتی هەڵسانم بە گەڕان بە ناو کارە هونەریەکانی منداڵان تێبینی ئەوەم کردووە.

## منداڵ و سەربەستی لە نیگارکێشاندا:

منداڵ هەردەم حەز بە سەربەستی دەکات و بە هیچ جۆرە پەیوەستێک خۆی نابەستێتەوە. چۆنی بویَ وا وێنەی ئەو شتە دەکات کە مەبەستیەتی، بۆیە کاتێک دەست و خامەکەی دەخاتە سەر کاغەز بەلایەوە گرنگ نیە کامە لا ژێرەوە یان سەرەوەی کاغەزەکەیە، یان ئاسمان یان زەویە. بە پێچەوانەوە تاکو وێنەیەک دروست دەکات، چەند جارێک کاغەزەکە بەم لاو بەو لادا هەرگێڕ و وەرگێڕ دەکات و بەلایەوە شتێکی زۆر ئاساییە گەر بێت و ڕەگ و ڕیشەی دارێکت بۆ بخاتە ئاسمان و ئەستێرەکانت بۆ بخاتە ژێر گڵ، منداڵ باشترین هەڵدەبژێرێ کە شتی بە ڕوونی تێدا دیارە و وێنەی دەکێشێ.

## شەفافییەت:

منداڵ بە جۆرێکی تایبەتی دەڕوانێتە ئەو شتەی کە دەیەوێ وێنەی بکات بە شێوەیەکی وا کە جۆرە ڕوونییێکی تیا بەدی دەکرێ لە چەشنی تیشکی ئێکس وایە جا ئەگەر بیەوێ وێنەی حەوزێکی ئاو دروست بکات، ئەوا وێنەی ماسیەکانی ناو ئاوەکەش دروست دەکات، یان ئەگەر وێنەی خانوێکی دروستکرد، ئەوا خەڵکەکەی ناو خانووەکەش دروست دەکات، هەروەکو چۆن خانووەکە لە شوشە دروست کرابێت.

ئەم دیاردەیەش پەیوەندی بە ئارەزووی منداڵەوە هەیە بۆ دەرخستنی ئەو شتانەی دەیانزانێت، وە ئەمەش گرنگی نیگارکێشانمان بۆ بەدیار

دەخات، وەکو زمانێکی سەرەکی منداڵ بۆ گەیاندنی بیروباوەڕی بۆ خەڵکانی تر.

### پێکچوونی بابەتەکان لە نیگاری منداڵاندا:

ئەگەر کۆمەڵێک لە منداڵانی گەڕەکێک یان قوتابخانەیەک کۆبکەینەوە لە ژوورێکدا پێداویستیەکانی وێنە کردنیان بدەینە دەست و داوای وێنە کێشانیان لێ بکەین، دەبینین زۆربەی بابەتەکان لەیەک دەچن و واتا لە یەک شت دەدەنەوە، هۆی ئەمەش بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە دەگەڕێتەوە:

١- ساکاری ئەو یەکانەی کە وێنەکە گرتونیەتە خۆی.

٢- پەیوەندی ڕەگەزەکان بە ئارەزووی سروشتی لە لایەن منداڵەوە لەو تەمەنەیدا.

٣- بوونی ئەو بابەتە لە شوێنەواری قوتابییەکاندا، وە پەیوەندی بە بەهرەمەندێتی پێشوویانەوە.

٤- بایەخ پێدانی بابەتەکە لەلایەن کارگێڕی قوتابخانەوە.

**هونەری نیگارکێشانی منداڵان و یاسای تایبەتی:**

نیگارکێشانی منداڵانیش وەکو بەرهەمی هونەری هونەرمەندان یاسای تایبەتی خۆی هەیەو زۆربەی منداڵان لە سەری دەڕۆن.

خوێندنی سایکۆلۆژی منداڵان ئەوەی بۆ دەرخستوین کە منداڵانیش هونەرێکی تایبەت بە خۆیان هەیە، یاساو بنەماو ڕێساو تایبەتمەندیی خۆی هەیە، هەروەها پەیوەندی هەیە بە بنچینەی هونەری ڕاستەوە کە هونەری کۆن و نوێی لە سەر بنیات نراوە.جا ئەوەی مەبەستمە لێرەدا لێی بدوێم هەندێک لایەنی ئەم یاساو بنەمایانەن نەک هەموویان چونکە بابەتێکی وا هەرچەندی لە بارەیەوە بنووسین هەر کەمە.

هونەری نیگارکێشانی منداڵان و یاسای تایبەتی:

نیگارکێشانی منداڵانیش وەکو بەرهەمی هونەری هونەرمەندان یاسای تایبەتی خۆی هەیە و زۆربەی منداڵان لە سەری دەڕۆن و پەیڕەوی دەکەن، بەبێئەوەی هەستی پێ بکەن و بیری لێ بکەنەوە. ئەم یاسایەش دەگۆڕێ بە گوێرەی تەمەنی منداڵەکان.

واتە ئەگەر بێت و کۆمەڵێک منداڵ لە تەمەنێکی دیاریکراودا بێنین و داوای دروستکردنی وێنەی تابووتێکیان لێ بکەین ئەوا گشتیان وێنەی مردووەکەشی لەناو دیاردەخەن.

وە هەروەها کاتێک بیانەوێ گرنگی شتێک نیشان بدەن ئەوا وێنەی ئەو شتە بە گەورەییێکی نائاسایی دروست دەکەن.

لێرەدا منداڵ هاوبەشە لەگەڵ هونەرمەندە گەورەکان هەروەکو چۆن میسریەکانی کۆن وێنەی فیرعەونەکانی زۆر بە گەورەیی دروست کردووە، بەلایانەوە نیشانەی گەورەیی و خاوەن شکۆیی فیرعەونەکانە. جا لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ کە منداڵیش یاسای تایبەتی خۆی هەیە بۆ نیگارکێیان وەکو گشت هونەرمەندێک.






**ڕەنگدانەوەی هونەری منداڵان لە بەرهەمی هونەرمەندە شێوەکارەکاندا:**

ئەگەر بێت و چاوێک بە بەرهەمی هونەرمەندە شێوەکارەکاندا بخشێنین، هەست بە تیشکدانەوەی هونەری منداڵان دەکەین لە بەرهەمە هونەریەکانیاندا، وە ئەمەش شتێکی زۆر ئاساییە و نابێ بەلامانەوە سەیر بێت، چونکە منداڵ لە بەر پاکی و بێ گەردی خۆی زۆر بە ساکاری و ڕاستگۆییەوە ئەوەی دەیەوێ دەیخاتە ناو چوارچێوەی تابلۆکەی. جا ئەگەر هونەرمەندێکی شێوەکار بیەوێ بەو پەڕی ڕاستی و ساکارییەوە ئەوەی مەبەستییەتی دەرە ببڕێت، ئەوا پەنا دەباتە بەر

شێوازی منداڵانە و بەکارهێنانی هەمان ڕەمز بەڵام تۆزێک بە بایەخ پێدانەوە.

هەروەها زۆر ڕەنگ هەن منداڵان لە کاتی نیگارکێشاندا دەیدۆزنەوە وەیان لەپاڵ ڕەنگێکی دژی خۆی بەو پەڕی هەست پێکردنەوە دای دەنێن، کەچی بە سوتفە جۆرە تەکنیکێک دروست دەکات. ئەمە وا لە هونەرمەندان دەکات کە ڕاستەوخۆ نا ڕاستەوخۆ ئەم شتانە وەربگرن و بۆ ناو تابلۆکانی خۆیان بیگوازنەوە.

هونەرمەند شاکر حسن لەو بارەیەوە دەڵێ: ((من سوود لەو وێنانەی منداڵان وەردەگرم کە لە سەر شۆستەی شەقامەکان وەیان لە سەر دیوارەکان بە تەباشیر دروستی دەکەن)). هەروەها لە بەرهەمە هونەریەکانی ساڵانی پەنجای هونەرمەند فائق حسن دا ئەم تیشکدانەوەیە بەدی دەکەین. بۆ نموونە دەتوانن بڕواننە تابلۆی مۆسیقا ژەنەکان ساڵی ١٩٥٠.



**تابلۆی مۆسیقا ژەنەکان**

هەروەها هونەرمەند فەرەج عەبۆ لە هەندێ تابلۆکانیدا بە تایبەتی تابلۆی خێزانێکی بەغدادی و ئافرەتێکی تەکعیبی ئەمە بەدی دەکەین. وە هونەرمەندی پایەبەرز جواد سلیم لە تابلۆکانی سالانی پەنجادا وە علی تالیب و هونەرمەندی کورد ئیسماعیل خەیات لە بەرهەمەکانی سالانی شەست و هەروەها شێوازە بەناوبانگەکەی کە تاکو ئێستاش لە سەری بەردەوامە، دەقاو دەق لە هونەری منداڵانەوە وەری گرتووە، کە بە شەفافییەت یات نیشکی ئێکس دەناسرێت.



وە هەروەها هونەرمەندان عومەر ڕەسول و نوری ئیسماعیل و اکرم سعید و نامق علی قادر و هونەرمەندی جیهانیی بەناوبانگ بابلۆ بیکاسۆ لە هەندێ بەرهەمەکانیدا ئەمە بەدی دەکەین، هەروەها

هونەرمەندان جان فۆکریە بول گلی و ئەدوارد مۆنش، کاتێک کە ناوی ئەم هونەرمەندانە دێنین مانای ئەوە نیە تەنیا ئەمانەن سوودیان لە دەست و خامەی منداڵان وەرگرتووە. ناوهێنانی ئەم هونەرمەندانە تەنها بۆ نموونەیە و بەس، ئەگینا وێنەیان زۆرە لە جیهانی بەرفراوانی هونەردا.



تابلۆی (میرامار) دەسکردی هونەرمەند بابلۆ بیکاسۆ

**سەرچاوەکان:**


- عومەر ڕەسول: هونەری نیگارکێشانی منالٚ و پەروەردەکردنی.
- فائق حسن: لوحات وأفكار.
- كريم عطلة حسين: الاتجاهات النفسية للفرد والمجتمع.
- دكتور محمود البسيونى: اسس التربية الفنيه.
- دكتور محمود البسيوني: اصول التربية الفنية.
- دكتور محمود البسيوني: الفن والتربية.
- دكتور محمود البسيوني: سيكولوجية رسوم الاطفال.
- دكتور محمود البسيوني: الرسم فى المدرسة الابتدائية.
- https://alma3rifatest.blogspot.com



گوڵبژێرێک لە کارە هونەرییەکانم کە لە پیشانگای ساڵانەی کۆلێژی هونەرەجوانەکان لە هۆڵی سەنتەری ڕۆشنبیری زانکۆی سەلاحەددین نمایش کراون:




**ئەوە کۆپی قیاسی ( ٥٠به٧٠ ) ڕەنگی ڕۆنی لەسەر کانڤاس**



ئەوە کۆپی تابلۆی ماری ماگدا لینا قیاسی ( ١٠٠به ٨٠ ) mare
magda lene ڕەنگی ڕۆنی لەسەر کانڤاس




**دیمەنێک لە زنجیرە دراما بەناو نیشانی توندوو تیژی قەڵەم ڕەساس لەسەر کاغەز قیاسی (١٠٠بە٧٠)**




**هاوڕێیەکی مۆدێل لە کۆلێژ لەکاتی ڕاهێنان  کردن ڕەنگی ڕۆنی لەسەر کانڤاس قیاسی (١٠٠بە٧٠)**



**کۆپی ڕەنگی ڕۆنی لەسەرکانڤاس قیاسی (١٠٠به ٨٠)**



**دیمەنی مزگەوتی ئایا سۆفیا لە ئەستەنبۆڵ (گرافیک) لەسەر کاشی**
**قیاس (٣٠بە٤٠)**



**کاری ستێنسڵ هونەری گرافیک (١٠٠بە٧٠ ) بەبەتێک لەسەر منداڵ لەسەر دەمی کۆڕۆنا**

ئەمەی خوارەوە تابلۆیەکی ڕەنگی ڕۆنییە کە بۆ پڕۆژەی خوێندنی ساڵی خوێندنی (٢٠٢١-٢٠٢٢) دروستم کردووە



**تابلۆی تێکەڵکردنی کۆچ بەرانی ١٩٩١و کۆچ بەرانی کوردان بۆ بیلا روسیا ٢٠٢١**